نۆڤلێت

# مەملەکەتی ژن

# The Kingdom of Women

نووسینی

شاخەوان علی حەمەد

هەولێر / ٢٠٠٣

له بلاّوكراوەكانی:

بزافی رۆشنبیرانی نوێخواز

## پێناسی کتێب

ناوی کتێب: مەملەکەتی ژن

بابەت: ﴿نۆڤلێت﴾

نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

کۆمپیوتەرو هەڵەچن: دیاری قاسم

نەخشەسازی: سەنتەری شەهاب

پێداچونەوە: شوان ناسیح مەجید

چابخانەی: پاك

تیراژ:٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ﴿١١٨﴾ لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر/هەولێر  ٢٠٠٣

## فانتازیای خەیاڵ

لـە خوێندنـەوەی نـۆڤلێتی (مەملەکـەتی ژن)ی چـیرۆکنووس "شـاخەوان عـەلی حەمەد"، هێزی خەیاڵ و هزرکردن بۆ ئایندەیـەکی یۆتۆبیـایی تاکـە دەسـەڵاتی چیرۆکنووسە و تەواوی دەقەکەی لەسەر رۆنراوە...

چیرۆکنووس، پێشینەیەکی باشی چیرۆکنووسی هەیە، لەبەرهـەکانی دیکەشـی دا وەک ئەوەی ئێستای هەست بەرەوانی زمـان و سـادەیی دەربـڕین و تەنانـەت پەنابردنە بەر پەندو واتـای نەسـتەقی کـوردەواری بـۆ گوزارشـت و دەربـڕین سیمایەکی زمانەکەیەتی ..

سەرباری وێنەو چنینی درامای ڕووداوی دەقەکە کە سەرنج ڕاکێشن و خوێنەر بۆ نێو دەقەکە پەلکێش دەکەن , لێرەش لە (مەملەکەتی ژن) شـتەکان ئـازاد دەبـن ئازادییەکی پڕ لە گرفتی تازە.

محمد خدر مولود

٢٠٠٣/٦/٢

## بەشی یەکەم

تـازە بـەتازە بەها پیرۆزەکـان بـەرەو دارمـان دەچـوون و کلتـوورو داب و نەریتـەکان لەبـەر یـەك هەڵدەوەشـانەوە، جیهـانێکی سـەیرونامۆ سـەری پێـداگرتین ئـەوەی تـا دوێـنێ بـە حـەرام و بڤـەو قەدەغـە دەدرایـە قەڵـەم و کۆمەڵگا خۆی لێ دەپاراست، هەموو بەجارێ گۆڕا.

لێرەو لەوێ شالاّوی کۆچی بەکۆمەڵ دەستی پـێ کرد، لـەململانێی هات و نـەهات، لـە رێگـەی مـان و مەرگـدا، خـەڵکێکی زۆر گیـانی خۆیـان خستە مەترسـی و سـەری کاسـیان بـەرە دونیایـەکی نادیـار هـەڵگرت، دەیـەها سنووریان بڕی تا بەو بەهەشتە بگەن کە لە کەلکەلەو خەیاڵیانـدا وێنایـان کردبوو.

یەك لەوانە من بووم تا گەیشتمە شوێنی مەبەست، لە دەیەها ئاوی ئەم ولاّت و ئەو ولاّتم دا، دوای سێ جار سنووڕداشکردنەوە، هـەر کۆڵم نـەداو لەو سەفەرە سارد نەبوومەوە.

کـاتێ لـە بـەریتانیا لەنگـەرم گـرت و بـەناوی پەنابـەری سیاسـی خـۆم ناسـاند، بەماوەیـەکی کـەم مـافی پەنابـەریم وەرگـرت، بەمـەیش بـۆ شـوێنی حەسـانەوە شـوقەیان پێـدام و لەسـەر یـەك لەکارگـە زەبـەلاکانی ئـەو دەوروبەرەیان دانام.

**ڕۆژێکیان کۆمەڵێ هاوڕێی تازەناس دوای تەواو بوونی کار، بەیەکەوە لە کافتریای کارگەکە دانیشتین، بەدەم چاخواردنەوە دەردەسەری و خەمەکانمان بۆ یەك بەبا دەکرد.**

**یەك لە هاوڕێکانم کە پێ دەچوو هەزارەها میلی بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی بۆ ئەمولاتە بڕیبێ، بەتاسوقەوە وتی:(من پەژارەو چەرمەسەری و کولەمەرگی ئێرەم زۆر لەشتە خۆشەکانی لای خۆمان پێخۆشترە، هەرنا لە سەیرکردنی جەستەی نەرم و بلوورو بەفرینی ژنە تەڕو ناسکەکانی ئێرە سەرکۆنە ناکرێین و روو بە رووی لێدان نابینەوە لەلایەن کەس وکاریانەوە هەڕەشەی کوشتنمان لێ ناکرێ، خۆشی ئێرە لەوەدایە بۆ بەسەربردن و تێرکردنی حەزە پەنگخواردووەکانمان، دڵ و دەروونمان چی بخوازێ بەئاسانی پێی دەگەین، پیاو بە حەزەکانیەوە پیاوە، کە لە حەزەکانی بێبەش بوو ئەوە وەکو کەسێکە لە لەکاروانی ژیان دابڕابێ، کەواتە بوون و نەبوونی وەك یەکە).**

**ئەویتریان کاریگەری هاوڕێکانی بەسەرەوە بوو، کزۆڵ و داماو، بەدەنگێکی گڕی نێرانە هەڵیدایێ: (منیش چاو لەچاوکەری وایکرد بێمە ئێرە، تازەیش کە کار لە کار ترازا دوای ئەوەی هەرچی ماڵ و موڵکی هەمبوو هەموویم هەڕاج و هەرزانفرۆش کرد، بۆیە لێرە دامێنی پیرەژن و پاتاڵ پاك بکەمەوە، قاپ و قاچاغ بشۆم، وا بەئاسانی ناگەڕێمەوە کوردستان، هەرنا کە خۆم گرتەوە ئیدی بەسەیارەو سەفتەی دۆلار دەچمەوە، بەمەیش پۆز بەسەر خەڵکە عەوامەکە لێ دەدەم و شتێکی وا دەکەم دەستم بۆ بەسینگەوە بگرن).**

**مناڵکارە تازە هەڵچووش لەوە دەچوو غیرەو ئیرەیی بەو شوێنەی گەیاندبێ، بەدەم زەردەخەنەیەکی گەش و بەمەغزاوە لە یەکە یەکەمانی نۆڕی و بە کەساسیەوە تووڕی هەڵدا:﴿ من ئامۆزایەکی فەقیرولحاڵم هەیە، کابرایەکی ڕەزا قورسی بێ نمودو ناشیرین، پیاو بێزی نایێ سەیری بکات و چڵمی لووتی خۆی پێ بسڕێ، لە گرانیەکە بەماوەیەکی کەم پارەیەکی**

خەیاڵی کۆکردەوە، ئەوجا ئیشی ڕەشی دەکرد، تریاکی دەفرۆشت، بەهەر حاڵ کاتێ بەسەردان هاتەوە، ژنە هاوسێکان پۆل پۆل دەچوونە سەردانی، هەندێکیان بەچرپە بەگوێچکەی دایکیان هەڵدەداو دەیانوت: ئەگەر کوڕەکەت بەنیازە ژن بێنێ، ئەوە ئێمە کچی خۆمانی بەکراسی بەریەوە پێشکەش دەکەین، کێبڕکێ لەنێوان ژنانی گەڕەك دروست بوو، ڕەنگە باوەڕ نەکەن ڕۆژێکیان دوو ژن بەگژ یەك دا دەچن و پڕی یەك دەدەن، پرچی یەك رادەکێشن، قسەی بێ تام نامێنێ بەیەکی نەڵێن، ژنێکیان ئاگری لەناوچەوان دەباری، پتت لێی بدایە وەك شووتی گەیو دەتەقی، بەدەست ڕاشەقاندنەوە هەڕەشەی دەکردو دەیوت: کچی من خان و مان و ناسك و نازدارە هەر قابیل بەوە، دەبێ بەو ئاهەوە دڵت بتەقێ و بچێیە ژێر گڵ، دڵنیام کچی منی بە دڵ دەبێ و من کچی خۆمی دەدەمێ.. ژنەکەی تر بەوپەڕی شڵەژاوی خۆی دەهێناو دەبردو سەری لێ بادەداو دەیوت: خەیاڵت خاوە، کچی من ژیرو ئاقڵ و سەنگینە، لە کۆلێژ دەخوێنێ، من لەپێش تۆ قسەم لەگەڵ دایکی کردووە، برۆ ئاو بێنەو دەستان بشۆ، منیش برایان ئەو دیمەنە دڵی ڕق ئەستوور کردم کە ئەو ڕێیە دوورە بکوتمەوە تا بێمە ئێرە، لێرە سەرچاوە بگرم ).

کاتێ نۆرەو نۆبەتی قسەم گەیشتێ، بەتەوسەوە سەری زمانم تەڕ کردو وتم: (هاتنی من نە چاو لەچاو کەرییە، نە لەبەر دەوڵەمەندی، نە لەبەر دڵڕەقی و ئەو شتۆکانەیە، بەڵکو خۆشەویستی کچێك پاڵی پێوەناوم ئەو ڕێگە سەخت و دژوارە بگرمە بەر، هەرنا بتوانم بە دابینکردنی پارەیەکی باش سەرنجی باوکە پووڵپەرستەکەی رابکێشم کچەکەیم بداتێ.چونکە من لەو ئیشقە پاکەدا پەیڤێکی زۆرم کردە بۆمب و تانك و تۆپ وتەیارەو بەسەر نەیارانی ئەڤینم تەقاندەوە، ئەسەف پیتەکانم ببوونە وڕێنەو گاڵتەجاڕی زارۆکان، بوونە بڵقی سەر ئاو و پووکانەوە، هیچیان لێ سەوز نەبوو.. بەیانییەکی زوو، دوو قۆڵی لەگەڵ هاوڕێیەکی سەردەمی منداڵی گەڕەك بەیەکەوە پیاسەمان دەکرد، کاتێ باسی خۆم و خۆشەویستەکەم

بۆی کرد که ناوی گەوهەرەو وەکو گەوهەر وایە، هاوڕێکەم بزەیەکی نایە سەر لێو، بە پەرۆشەوە وتی: (من حاشام لە پەیڤە جوانەکانت نییە، لە هەموو ئەمانەی باست کرد، ماف بەتۆ دەدەم، دەبێ ئاگات لەخۆتبێ، ئەو باوك و براکانی گەوهەر وەك دەمارو ڕەگ و ریشەم خوێندبنەوە ئاوا دەستەوسان نابن، لە دەستیان دێ بەپەل و پۆیەکت دابدەن و سەرت بە فەتارەت بدەن، هەر ئەو قسانە بووە هۆکاریێ بۆ ئەوەی بیر لە رۆیشتن بکەمەوە، سەری  خۆم هەڵبگرم و کوردستان بەجێ بێڵم).

*     *     *

## بەشی دووەم

ژیانی تاراوگە بەمشەقەیەو سەرێشەی زۆری بەدواوەیە، واتە: ئەو بەهەشتە نییە کە خەڵکانێ لە دوورەوە وێنەی دەکێشن و دەهۆڵی بۆ دەکوتن.

دوای چوار مانگ و چەند ڕۆژێ، دوو فاکسم یەك بۆ ماڵ و ئەویتر لەڕێی ماڵەوە بۆ گەوهەر نارد، لەگەڵ حەواڵەکردنی پێنج هەزار دۆلار.

هەروەها لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی دا داوام لە (سەرگوڵ)ی خوشکە بچووکەکەم کرد بەدزی ماڵەوە بچێتە بازاڕی زێڕینگران و گەردانەیەکی جوان و نایاب بۆ گەوهەر بکڕێ و لە دەرفەتێکدا بەناوی منەوە پێی بدات.

چوار رۆژ تێپەڕی، گەوهەر فاکسێکی بۆ ناردم، نووسیبووی: (گیانەکەم، دیارییە بەنرخەکەت گەیشت سوپاست دەکەم، خۆزگە شەڕی براکوژی نەدەماو مرۆڤە دڵڕەقەکان لەئاست خۆشەویستی من و تۆ کەمێ دڵنەرم دەبوون، دوو دڵیان ناشاد نەدەکرد، جارێکی تر دەیڵێمەوە ئەگەر تەمەنی خۆم لە چاوەڕوانی تۆ دانێم، یان دەبێ بۆ تۆ یان بێ تۆ مۆمی ژیان لەگەڵ هیچ کەسێ هەڵناکەم).

وەلێ ئەفسووس ڕیسی گەڕانەوەم لێ بووە خوری، برا بچووکەکەم کە بەتەمەن دوو ساڵ لەمن گچکەتر بوو، ڕەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی لەسەر بابەتێکی سادەو ساکار لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ و لە شەڕە قسەوە پەلاماری یەك دەدەن و چینێکی باش لەیەك دەدەن، دەم و قۆزی یەك دەکوتنەوە، براکەم نایکاتە نامەردی کە ئەو کاتە چەقۆیەکی دامبۆکسی لە باخەڵ دەبێ، لێی دەردێنێ و چەند دەمە چەقۆیەکی پیا دەکێشێ، هاوڕێکەی بە نەخۆشخانە ڕاناگا، لەنیوەی ڕێ گیانی دەردەچێ و دەمرێ، کەس و کاری کوڕە بەری چاویان تاریك دادێ، بەجارێ کۆدەبنەوە، زۆر بێزەییانە هەڵدەکوتنە سەر ماڵمان و دڕندانە پەلاماری دایك و خوشك و براکەم دەدەن و هەموویان دەکوژن، ئەوجا دەنکە شقارتەیەك گڕ دەدەن و خانووەکەش دەسووتێنن.

کاتێك ئەو هەواڵەم پێ گەیشت، نەمزانی نە شەوە نە ڕۆژ، بایەکی بەهێزی دەهات، گەڵای درەختەکانی ناو شاری دەجوولانەوە، سەراپای لەشم بوونە جەمبووش و نێڵە نێڵ، گڵپەیان لێ هەڵدەستا، خوێن هوروژمی بۆ هێنام ، ڕەنگی سوری دەم وچاوم بۆ چەند ڕەنگێ گۆڕا و بەری بیناییم لێڵ بوو، بەکوڵ دامە پرمەی گریان ، گریانێکی بەکوڵ، هەنسکم لە ژوورە تاریك و ئەنگوست لەچاوەکە دەنگی دەدایەوە: ﴿خوا بیەوێ بەندەکانی خۆی تووشی دەردو ئافات و مەینەتی بکات، بەندەکانی واسوك و سانا لەژێر باری دەرناچن، ئەوەیە موسیبەتی راستەقینە ﴾.

شێت و شبر ببووم، بە غایەلەی ماڵەوە شەوم دەکردەوە، ئەو ڕووداوەم وەکو فیلمێکی ڤیدیۆیی وێنا دەکرد، لەو ڕۆژەوە دونیام تەلاقدا، دڵم بە هیچ شتێ خۆش نەبوو، خۆم وەکو کەسێکی زیادە دەبینی، بڕیارم دا سەری کاسم هەڵبگرم و لەو شارە بچمە دەرەوە ، هەرنا بۆ ئەوەی گوێبیستی هیچ هەواڵ و دەنگ و باسێك نەبم، ببمە دێوانە.

کەوتمە گەڕان لێرە بۆ ئەوێ، زۆر کارگەم بەسەر کردەوە تا دواجار لەکارگەیەکی دەرەوەی شار لەنگەرم گرت، کارگەکە وەك گوندێکی گەورە

وابوو، دەیەها خانووی مۆدێرنی بۆ شوێنی حەوانەوەو نووستن تێدا بوو لەگەڵ دوو مەلەوانگەی داخراو، پارکێکی گەورەو کافتریا و باڕێکی سادە، لەوێ بەدەیەها ئافرەتی ناوقەد باریکی بالاّ بەرزم ناسی کە بەعیشوەو نازەوە دەیەها پیاوی وەکو منیان شێت و شەیدا دەکرد.

ئافرەتەکان شان بە شانی پیاوەکان وەك خوو و خدەی هەمیشەییان، هەموو ئێوارەیەك دەهاتنە باڕ و دەیانخواردەوە، ئەوجا ئەو پیاوەی بیانویستایە ، قولابی دڵیان لێی دەگرت، دوای چپە چپەیەکی کورت، قۆڵیان دەنایە قۆڵی و پێیان دەوت :﴿ حەز دەکەین ئەمشەو یان تۆ ببیە میوانم یان من دەبمە میوانت، تەنهایی خۆش نییە﴾.

من سەرەتا بە بیستنی ئەو قسانە ئاهێکی خۆنەکردەم هەڵدەکێشاو دەموت: ئاااااای لەو بێ چاو و ڕووە و لەو ئابڕوە تکاوەی هەیانە، بزانە قەت شەرم لەخۆیان ناکەن و تەریق نابنەوە، سەرەتا بەمن بوایە حەزم دەکرد هەردوو چاوم کوێر بایە بەس ئاوا بەو داوێن و دۆخێن شلیەم نەبینیایە ، لەوەدا ناهەقم نەبوو، چونکە دیمەنەکە بۆ من نامۆ بوو،پێشتر شتی وا زەق و زوقم لەخەویش دا نەدەبینی.

وردە وردە خۆم لەگەڵ کەش و هەواکە ڕاهێنا، بەجۆرێ ئەگەر دوو کەس بەنوێژی نیوەڕۆ لەپێش چاوم ئاوێتەو ئاوێزانی یەك بوونایە، خۆم لەگوورە نەدەبردو بەبای گوێم نەدەهات تا ئەو کاتەی نۆرەم هات، شەو نەبوو ئافرەتێ دەستە شل و شۆو نەرمەکانی نەخاتە دەستم و پەلکێشی ژوری نووستنم نەکات و پاساویان بۆ دێنامەوە دەیانوت:﴿ئێمە لەخەمی تۆداین، پێمان خۆشە خەم و خەفەتی غەریبیت لە دڵ و دەروون بتارێنین هەست بە تەنیایی نەکەیت﴾.

هێواش هێواش جلەکانی بەریان دادەکەند تا ڕادەی خۆڕووتکردنەوە، ئیدی قیت و قۆز وەك پەیکەرێکی بێ گیان لەبەردەمم دەوەستان، یاری و گەمەیان بە جەستەی نەرم و نۆڵیان دەکرد، ئەوەش پیاوی خۆی دەوێ بەرگەی دووریان بگرێ و ئاوێتەیان نەبێ، چونکە پیاو بەتەماشاکردنیان

چاوئەبڵەق دەبوو، لەناخەوە گڕی دەگرت کە بە تاسەوە لێی دابڕسێ و وەکو شێرێکی برسی پڕی بداتێ و خۆی لەو خەرمانەی تێر بکات، بۆیە جگە لەدەست بازی بترازێ ،سنوورێکم بۆ ئەو تێکەڵیە دانابوو، ئەویش ئەو بەڵێن و پەیمانە بوو کە پێش سەرهەڵگرتنم بۆ دەرەوە بە گەوهەرم دابوو تا مردن ناپاکی لێ نەکەم و زنجیری پانتۆڵم بەحەرامی بۆ هیچ ئافرەتێ نەکەمەوە، بۆیە کە دەستی نەرم ونۆڵیان بۆ قایش و قرووشی بەر پانتۆڵم درێژ بکردایە ، بەئەسپایی دەستیانم دەگرت و لەخۆمم دوور دەکردەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە دەموت :﴿ تا ئێرە شتەکان ئاساییە، دەبێ بمبوورى بۆ ئەمەیان ناتوانم هیچ بکەم چونکە من دەمێکە لە پیاوەتی کەوتووم، غیرەتی پیاوەتیم نەماوە﴾.

بە بیستنی ئەو قسانە، بەپەلارەوە چاوی بەمەغزایان تێ دەبڕیم و دەیانوت :﴿ ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ مرۆڤ کاتێ لە خۆشی و حەزو لەزەتەکانی دادەشۆرێ وەك ئەوەی تۆ، ئیدی بوونت لەم دونیایە زیادە، خۆزگە وا نەدەبووی ﴾. بەمەیش جلی خۆیان لەبەر دەکردەوە، بە بێزاریەکی تێکەڵ بە شپرزەیی پێیان هەڵدێناو لێم دوور دەکەوتنەوە، تەنانەت هاوڕێکانم زۆر جار لەخانەی سوعبەت و گاڵتەجاڕیەوە کە بانگیان بکردمایە، دەیانوت:﴿ هۆ پیاوە خەساوەکە، ئەرێ تا ئێرە نایەی؟!﴾.

منیش لە ناخەوە ئەو قسانەم پێخۆش بوو، ئەو قسانە بۆ پاراستنی من لەهەر کردارێکی جووت بوون، بەتەواوی سەری کڕیبوومەوە، بۆیە وەکو تەقەی سەرمبێ تاوەکو ئەو ئافرەتانە چیتر لێم نزیك نەبنەوە، خۆم لەگوورە نەدەبردو زۆر بە شێنەیی دەموت :﴿ ناهەقتان ناگرم بەهەر ناوێ بانگم بکەن، ئەوە هاتم).

* * *

## بەشی سێیەم

ماوەو عەیامیّ ڕابرد، شەڕێکی گەورەی جیهانی قەوما.. دێوەزمەی شەڕ بووە شەڕی تێکچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەناوچوونی پیاو و زیاد بوونی ڕێژەی ئافرەتی قەیرەو بێوەژن.

من لەو ڕۆژەی دایك و باوك و خوشك و براکەم لەدەست دا، هەر لەو ڕۆژەوە خۆم بە کەسێکی زیادە دەبینی، ڕۆژێ لە ڕۆژان ختـــــوورەی ئەوەم بەدڵ نەدەهات بۆ هەواڵێکی کورت بچمە دیار تەلەفزیۆن یا گوێ لە ڕادیۆ بگرم.

دونیا بەوای شەڕەوە وێران و کاول ببوو، کەچی سەیر دەکەم ئێوارەیەکی نەختێ درەنگ، کچێکی نەشمیلی تەڕو پڕ کە بەهەمووی هەفتەیەك بوو هاتبووە کارگەکە، پڕتاو خۆی بەژوورەکەم دا کرد کە پانتۆڵێکی کاوبۆی لەبەردابوو، کراسێکی شینی نیلی بەسەردا شۆڕ کردبۆوە،چاوەکانی دەتوت ژێر پیاڵەن ، برۆ کەوانی کوڵمە سوور، لێو تەنکی دەم بەخەندە ، تیلە نیگایەکی بەمەغزای دامێ، بەهەڵپەیەکەوە وتی:« دەمەوێ بەشەرتی کچێنی شووت پێ بکەم، زەواجم لەگەڵ دەکەی؟».

دڵیم ڕاگرت، بۆ ستایشی قسەکانی، پێموت :﴿ هەموو کەس گەیشتن بە تۆ بەئاوات دەخوازێ، ببوورە خۆزگە لەپیاوەتی نەکەوتمایە ئەوە یەك دەقە ئاوم لێ نەدەخواردیەوە، یەکسەر زەواجم لەگەڵ دەکردی، توخوا بمبوورە ئەگەر ئەم هەواڵە بۆ تۆ مایەی واقوڕمانبێ﴾.

بەم قسانە زۆر قەڵس و ناڕەحەت بوو، ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرا و سرەوتی بۆ نەدرا، ڕووی خۆی وەرچەرخاندو بە ئەدەبەوە وتی:﴿ گوناهی تۆ لەم کارە چییە، خۆزگە وا نەدەبوی، بەهەر حاڵ شەو شاد ﴾.

+شەو شاد.

پێی هەڵێناو ژوورەکەی بەجێ هێشت.

ساڵ هات و ڕۆیی..فتیلەی ئاگری جەنگ و شەڕو شۆ کوژاوە ، ڕۆژێکی تازەو نوێ دەرکەوت، جیهان دابەشی سەر دوو هەزار مەملەکەتی سەربەخۆ ببوو.

یەك لە هاوڕێکانم وتی:﴿ ئەم مەملەکەتە ویڕای بردنەوەو سەرکەوتنی لەم شەڕە شووم و نەگریسەدا، لەتەك زیانە ماددی و گیانیەکان ، ژمارەی ئافرەت بێ ئەندازە زیادی کردووە، تاکە قازانجی ئەم کارەساتە جەرگ بڕە، سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوە ژێر دەستەکانە﴾.

وشەی ئازادی بۆ من، ئۆخژن وخۆشیەکی بەدەری پێ بەخشیم ، کەوتمە جەمسەری بیر کردنەوە:﴿ کەواتە نەتەوەی کوردیش جاڕی سەربەخۆیی داوە، دەبێ لەم هات و هەرایە چارەنوسی خدرۆك و کوڕەکانی بەکوێ گەیشتبێ؟!تۆ بڵێی خوای دلۆڤان تۆڵەی ئەو زوڵم و زۆرداریەی لێ نەکردبنەوە، تەفرو تونای نەکردبن ؟!﴾.

لە دەنگی:﴿ شاهۆ﴾..﴿ شاهۆ ﴾ کەلکەلەی بیر کردنەوەم پچڕا، پڕتاو سەرم هەڵبڕی ، سێ زەلامی کەتەی چوار شانەم بەر چاو کەوت، دەبەریان هەڵسام.

یەك لەو سێ کەسە هەردوو لێوە وشك بووەکەی بەسەری زمانی تەڕ کردو بە ئحم ئحمێ قوڕگی پاك کردەوە ، بە زەردەخەنەیەکەوە خۆی و

تیمەکـەی پـێ ناسـاندم و وتـی :﴿ ئێمـە شـاندی سـەندیکای نووسـەرە مەزنەکانی جیهانین، دوای وەرگرتنـی ئـەدرێس و ناونیشانی کارکردنتـان، بەخۆشـحاڵیەوە هـاتووین تـا بانگێشـتت بکـەین و لـە رێـو ڕەسمێکـی شایستەدا شەرەفی بەئەندامبوونت پێ ببەخشین﴾.

بەخۆشحاڵیەوە رەزامەندی خۆم نیشاندا.

ڕێو ڕەسمەکە لە تەك چەندین کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی و هونەری دا، بـە ئامـادەبوونی سـەرۆکی زۆربـەی مەملەکەتـەکانی دنیـا بـەڕێوە چـوو، خەڵاتی ئاشتی جیهانیم  پێدرا.

سەرۆکی فیدراسۆن وتەیەکی کورتی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، کە رووی تێکردم، بە بزەیەکەوە وتـی :﴿ بەڕێزتان بە وەرگـرتنی ئـەم شـەرەفە گەورە، حەسانەی دیبلۆماسی پەڕلەمانتاری دونیاتان دەبێ و ئازادن بچنە هـەر شـوێنێك و سـەردانی هـەر جێگەیـەك بکـەن ، هەڵبەتـە فەلسـەفەو هۆشیاری ئێوە، ترۆپکی پەیامێکی پیرۆزە کە هەمیشە نەفرەتتان لەچەك و تیرۆرو ڕق و کینـە کـردوە و خۆشـی و بەختـەوەریتان بـۆ هـەر مـەردەمێکی دڕدۆنگ خواستووە﴾.

ئـەوەی نـەبێ بـەماڵم، نـازانێ بـە حـاڵم..ڕێز لێنـانی مـن، بەرهـەمی ئـەو خۆماندوو کردنە بوو کە لە تاراوگە توانیم دەیەها کتێبی دانسقەو نایاب بنووسم و بەچاپیان بگەیەنم.

هاوڕێکـانم زوو زوو دەیـانوت : ئـەمڕۆ فـلان گۆڤـار، بابـەتێکی دورو درێـژیان لەسـەر ئـەو کتێبـەت نووسـیوە، لـە فیسـار ڕۆژنامـە  مـژدەی وەرگێڕانی ئەو کتێبەت بۆ ئەو زمان و زمان بڵاو بۆتەتەوە.

منـیش بەپێکـەنینێکی نەرمـەوە دەمـوت:﴿ هـەوێنی نووسـینەکانم پەیامهەڵگری شۆڕشی خۆشەویستی و نـەفرەتکردنن لـە شـەڕو شـۆو تونـدو تیژی مرۆڤایەتی﴾.

دەفتەری تێبینیەکانم لەباخەڵ دەرێنا ،چاوێکم بەلاپەڕەکانی ناوی گێڕا، ئەو نمرە تەلەفۆنەم بەرچاو کەوت کە سی ساڵ پێش ئەمڕۆ لەو دەفتـەرەم

تۆمار کردبوو، هەرچەندە لە مانەوەی ئەو نمرەیە بەگومان بووم، وتم: دەی وا لێی دەدەم، دەبینی هێشتا وەکو خۆی ماوەو نەفەوتاوە.

نمرەکـەم لێـدا، زەنـگ رۆیـی.. دڵـم داخورپـا، کـاتیێ تەلەفۆنەکـەیان هەڵگرت، بە پەرۆشەوە وتم: ﴿ ئەلۆ﴾.

ئافرەتێـك بـەدەنگێکی پـڕ میهـرو سـۆزەوە وەڵامـی دایـەوە: ﴿ فـەرموو بەڕێزم﴾.

- بیێ زەحمەت، کاك مارق بەڕێوەبەرم دەویست.

+ ببورە ساڵانێکە وەفاتی کردوە.

- بە داخەوە رۆحی شاد، خاتوون ئەگەر سەرت نەیەشێنم ، هەر لەو گەڕەکە ناسیاوێکمان هەیە خدرۆکە بۆزی پیێ دەڵێن، هەواڵی خۆی و ماڵێ ومناڵی نازانن؟

+ ببوورە بەڕێز، پیێ دەچیێ جەنابتان دەمێکە لە کاروانی ئەم مەملەکەتە دابڕابن ؟!.

-بەڵیێ زۆر ڕاستە.

+خدرۆکـە بـۆز دە دوانـزە سـاڵ پـێش ئـەمڕۆ، لـە بۆردومـانێکی فڕۆکـە هەرێمیەکان ، موشەکێك بەر ماڵیان دەکەویێ و وردو درشتیان لەبەین دەچن .

-دوا پرسیار: خزمێکمان هەیە گەوهەر عەزیزی ناوە ، زۆریان لەسەر نووسیوە، بەمان و نەمان هەواڵێکی ئەو ئافرەتە نازانن ؟!

+دەبیێ بمبووری هیچ زانیاریەکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانم ، بەڵام ئـەوەی بیزانم ، ئـەو کتێبانـەی وەرگێڕدراون، باسـی ئـەو کچـە دەکـەن ، وەسـفەکان نیشانی دەدەن کە ئەم ئافرەتە موعجیزەیەو لەئاقاریدا مرۆڤ دەستەو ئەژنۆ دەوەستیێ.

-زۆر سوپاس..خواحافیز.

+سوپاسی پیێ ناویێ، خواحافیزت بیێ.

بەلەشـی شـەکەت و بـیٚ پـەرواده بـەرەو خـوار داغـلٚ بوومـەوە، ڕووەو پاڕکەکە هەنگاوی سست و لەسەرخۆمنا، وڕو کاس، ئاگام لەو دەورو بەرە بـڕا:﴿ ئـاااااای کـە بەختـەوەرم بـە گەیشـتنی نووسـینەکانم بـۆ ئـەویٚ و سەرەڕای ڕەوینەوەی گومانەکانم لە عائیلەی خدرۆك، قەت لەوە چاکترنی یە هەرچی سەعاتێك زووترە بارو بنەم تێکنێم و بگەڕێمەوە﴾.

*  *  *

## بەشی چوارەم

پاش بەسەربردنی  سی ساڵ تەمەن لە تاراوگەو تەنیایی، یەکەم گەشتم بـەرەو کوردسـتان دەسـت پـێ کـرد، لـە هـەر فڕۆکەخانەیـەك ناسـنامەی سـەندیکام دەربێنایـە، فلسـێك  چـەند بـێ نرخـە، لێیـان وەرنـەدەگرتم ،دەیـانووت:﴿ تـۆ مرۆڤێکـی مـەزنی،  شایسـتەی هـەموو خزمـەتێکی، بچیە هەر شوێنێك خزمەتت دەکەین﴾.

لەخۆشیان هەر ئەوەتە نەدەگریام:﴿ وای خوایە گیان ئەوە چ دونیایەکە دەیبینم ؟!﴾.

وەك ڕۆژێك لەمەو بەر ڕوویدابێ، کاتی خۆی پێش ئەوەی بچمە دەرەوەو بەیـەکجاری کوردسـتان بـەجێ بـێڵم، یەکـەم کتێـبم خسـتە ژێـر چـاپ و ڕۆشـنایی خـۆی دیـت ، خزمـەکانم تـەعلیقیان لێـدەدام، بەتوانجـەوە دەیـانوت:﴿ تـۆ چـونکە رووت و ڕەجـاڵ و دەسـت کـورتی، ئامۆژگاریـت دەکەین پارە لەشتی بێ کەڵك خەرج نەکەی، ئەوە ڕۆژەکەیە دەیبینی چۆن کتێبـەکانت لەسـەر ڕەفـەی کتێبخانـەکان کـۆن بوونـە و تۆزیـان لەسـەر نیشتووە، بێ ئەوەی دانەیەکی لێ بفرۆشرێ،  ئەوسا ترشبێ و تاڵبێ دەبێ هەمووی بخەیە گووشێك و بیخەیتە سەر شانت و لەکونجێکی نێو ماڵـەوەی فڕێ دەی ﴾.

**رۆژێکیان هاورێیەکم ئەویش لەخانەی خۆشەویستی بۆ من، بانگی لای خۆی کردم و وتی:﴿ بڕوا بکە حەز بە زەرەرو زیانت ناکەم، بەڵام ئەوە واقیعە لەم مەملەکەتە مرۆڤی خودان ڕۆشنبیر جێی نابێتەوە ، تۆ هەتا بەیانی تەپڵ بکوتە کەس پێت نالێ ئافەرین، دەست ڕۆیشتوو ئەو کەسەیە دەوڵەمەندبێ یا مەسئول، پەیڕەو کردنی یاساش تەنها بۆ بابای هەژارو بێ پشت و پەنایە، قەت بینیوتە کوڕە بەرپرسێك گیرابێ، کوڕە بەرپرسێك دادگایی کرابێ، کەچی بێ نەوایان بەکەمترین شت تاوانبار دەکرێن و تۆمەتی تیرۆرو تێکدەرو دەستی دەرەکی و چی و چیان دەدەنە پاڵ، ئیدی کەسیش ناتوانێ لێی بەجواب بێ ،بۆیە پێت دەڵێم: دەست بەکلاوتەوە بگرە با نەیبات﴾.**

* * *

## بەشی پێنجەم

کـــاتیٚ لـــەدوا وێســـتگەی ســـەفەری گەڕانـــەوە دابـــەزیم ، جانتـــا دیبلۆماسیەکەم دانا، قوڵپ و هەستی غـەریبیم هەڵسـا، داهاتمەوە ، بیرو هۆشـم وەکـو کلأفـەی دەزوویـەکی ئـاڵۆزی لێهـات، کەوتمـە مـاچ کردنـی زەویەکەو بۆنم دەکرد .

پـەیامنێرێکی ئـافرەت زۆری کـرد و کۆشـا بمـدوێنیٚ، دەمـم چـووبووە کلیلە ، نەمتوانی بە تاقە وشەیەك گوزارشت لەو خۆشیە بکەم، بۆیە کە لە هەوڵەکانی دواندنم بیٚ ئومێد بوو، ڕووی کردە وێنەگرەکەو پێیوت:﴿ چەند وێنەیـەکی جـوانی بگـرە وێنـەکان بـۆ خۆیـان بـدویٚ، ئەوەنـدەش کیفایەتـە بنووسین : گەورە دیبلۆماسێکی ئاشق بە خـاك ، خۆشەویسـتی خاکەکەی دەیگرێنیٚ ﴾.

دوای تـاویٚ، فرمێسـکەکانم بـەر بینـم سـڕیەوە، تـەکانم دایـە بـەر خـۆ، ڕاســت بوومــەوە، لەدەرونــەوە بــەخۆمم وت:﴿ بەڕاســتی مــرۆڤ بەرامبــەر خۆشەویستی خاك و زێدی باب و باپیرانی لاوازو بیٚ هێزە ﴾.

بەهۆی برسێتی هەستم بە شەکەت و کەیل ومانـدوو بوونێکی زۆر کـرد، لامدایە چێشتخانەیەکی ئەو شوێنە تا زگی برسیم تێر بکەم.

**کاتێ پێم نایە چێشتخانەکەو لەسەر یەك لە کورسیەکان رۆنیشتم، دڵم داخورپا ، لەناخەوە هەژام، نەمدەزانی چۆن لەماوەیەکی ئاوا کەم وکورت، هەموو شتەکانی ئەو دەوروبەرە بەخودی مرۆڤەوە گۆڕاون، نقومی جیهانێکی بێ سنوور بووم:﴿ ئەوە چیە دەیبینم؟ تۆ بڵێی خەونبێ یا زیندە خەون؟ خەونێکی دورو درێژ ! مێشکم، دڵ ودەروونم بەرگەی ئەو گۆڕانکاریانە ناگرێ، ئاخر زۆر لەمێژ نییە ئافرەت لێرە ئەوەندە مافی گەڕان و چوونە دەرەوەی نەبوو ، نەخاسمە کارکردن لەدەرەوە ئەوە بەکوفر دادەندرا، چما لە هەموو ئەو شارە ئافرەتێکت دەدی لە نووسینگەو دوکان و چێشتخانەو هوتێل و، کۆمپانیایەك کار بکات، کەچی سەیرە هەموو ئەو گارسۆنەی ئێرە گشتیان ئافرەتن و تاکە پیاوێکیان تێدا نابینم﴾.**

**خۆشترین کات ئەو کاتەیە خەم و زەردەخەنە تێکەڵ بەیەك دەبێ و جوانترین تابلۆ دروست دەکەن ، یەك لەو ئافرەتانە بە ڕێزەوە لام، لیستێکی خواردنەکانی لەبەردەمم داناو بە بزەیەکی گەشەوە وتی:﴿ فەرموو قوربان﴾.**

**لیستی خواردنەکانم لێی وەرگرت، سەرم بەیەکە یەکەی ناوەکان شۆڕ کردەوە، بەتەوسەوە پێموت :﴿ ئەرێ خاتوون گیان دەتوانم چەند پرسیارێکت ئاڕاستە بکەم؟!﴾.**

**–بە دڵنیاییەوە، فەرموو، فەرموو.**

**+ بێ زەحمەت خۆ ئەم مەملەکەتە ژێراو ژوور نەبووە ؟!مەبەستمە بڵێم: ئەم خەڵکە لەهەسارەیەکی دییەوە هاتونەتە ئێرە ؟!.**

**بۆم خنایەوە، بە سەرسوڕمانەوە پرسی:﴿ لە مەبەستت حاڵی نیم، دەتەوێ بڵێی چی؟﴾.**

**بەدەم ئاهێکی قووڵەوە پێموت:﴿ مەبەستم ئەوەیە وەکو چەند ڕۆژێ لەمەوبەر ڕووی دابێ ، لەم شارە عەیبە بوو ئافرەت بۆ ئیشکردن بچێتە دەرەوە، کەچی ئێستا ئەوەی دەیبینم ئەگەر بەشێکبێ لەئازادیەکانی**

**ڕەگــەزی مــێ، ئــەی بــۆ پیــاوان دیــار نــین و نایــانبینم، خــۆ قڕیــان تــێ نەکەوتووە؟! ﴾.**

**ئافرەتەکە بەم قسانە دایە قاقای پێکەنین:﴿ پیاوانی شەهادەت لە پێناو سەرفرازی گەلەکەمان، گیانی پاکیان کردە قوربانی..ڕونتر بڵێم: بە پێی دواین ئامار، ڕێژەی ئافرەتان چل بەقەد ڕێژەی پیاوانەو لەو قات و قڕیەدا پیــاوان بەکــەمی ئــیش دەکــەن و هەڵســوڕاندن و تــەواوی دام و دەزگــا ئیداریەکان دراوەتە دەست ئافرەتان﴾.**

**بەســەربادانەوە پێمــوتم :﴿ باشــە زۆر ســوپاس، زەحمــەت نــەبێ دۆ بەکەشکێکم بۆ بێنە ﴾.**

**+بەسەرچاو .**

**–چاوت خۆشبێ.**

**چاوم لە پوزێکەوە بۆ پوزێکی تر گواستەوە، سێ چوار ئافرەتی بالاّ بــەرزی ڕەقەڵــەی پــۆلیس، دار حــەیزەرانیان بــە دەســتەوە بــوو، چــاودێری ئــەمنی ئــەو دەورو بــەرەیان دەکــرد، سێڵاوی بیر کردنــەوەم شــەپۆلی دا:﴿ ئــاااااای خوایــە گیــان بزانــە کارەســات و نەهامەتیــەکانی جــەنگ چ شوێنەوارێکی خراپی بەجێ هێشتوە؟!پێشان ئافرەت هەمیشە بە زەعیفە ناوزەد دەکرا، کەوابێ زەعیفەیەك چۆن دەتوانێ بەرەنگاری پیاو خراپێك ببێتەوە، لەکاتێکدا ئەو کەسە کەتەو جەستەیەکی تۆکمەو وزەیەکی زۆری هەبێ؟!﴾.**

**زۆری نــەبرد خواردنیــان لەبــەردەمم دانــا.. ئەوەنــدی دڵــم بــردی، لــێم خوارد، کە دەستم هــەڵگرت، بەسەردا چایەکی خەستم هەڵقوڕاند، پــەیتا پەیتا بەرەو گەراجەکە ملمنا.**

**لــەوێ بەســەدان تاکســی دوا مۆدێل وەستا بوو..سواری گــەڕێنێ بــووم ئافرەتێــك لێــی دەخــوڕی، بەزەردەیەکــەوە پێمــوتم:﴿ بێزەحمــەت دەچــمە هوتێلی ناوەندی ﴾.**

ئەویش بزەیەکی سازگاری خستە سەر لێو:﴿وەی بەسەر چاو، فەرموو سواربە﴾.

بەکەمتر لەدە دەقە منی گەیاندە بەردەم هوتێلەکە، بەپێی پێوەری ناو گەرێنەکە پارەکەم پێیداو دابەزیم.

دوو ئافرەت لەپێش دەرگای سەرەکی ئوتێلەکە بە جل و بەرگێکی سوورو شین کە بۆ پێشوازی میوانان وەستابوون، یەك لەو دوو ئافرەتە بە پیرمەوە هات، لە جانتاکە ڕوو بوو:﴿ فەرموو، فەرموو، بەخێربێی بەڕێزم ﴾.

بەشێنەیی وەلاّمم دایەوە: (روو سپیبی خوشکم)

ئافرەتەکە پێش کەوت و منیش کەوتمە دوای..لە ژووری ئیدارە پیاوێکی جیقنی کورتە بالاّ بەخێر هاتنی کردم، یەك لە کارتەکانی پشت سەری داگرت و بۆ ئافرەتەکەی ڕاگرت:﴿ فەرموو ئەو مامۆستا بەڕێزە بگەیەنە جێ و چی پێویستە بۆی جێ بەجێ بکە﴾.

کە کارتەکەی لەدەست وەرگرت، بە خەنینەوە دەستی راستی بۆ پێشەوە درێژ کردو وتی: (فەرموو قوربان).

دوو بە دوو هەنگاوی ئاساییمان هاوێشت، لەبەردەم یەك لە ژوورەکان هەڵوەستەی کرد، کارتەکەی بەو ئامێرە داهێنا کە لەپێش دەرگاکە بوو، دەرگاکەی کرایەوە، ئەوجا ڕووی دەمی تێکردم:﴿ قوربان جگە لەم کارتە، دەتوانی دەنگی خۆت لەسەر ئەم کاسێتەی بەرەوە بە وشەی ﴿ ببەوە﴾یا﴿ دابخرێ ﴾ تۆمار بکە، ئیدی چەند دەمێنیەوە ئیشەڵلاّ پێویستت بە هیچ نابێ،ئەم وشانە بۆ گەرماو و قاسەو کانتۆرو ئاودەستەکە هەمان شتەو بە کۆنترۆڵی مەرکەزی ئەم ئوتێلە بەستراوە ئەوەش بۆ ئەمنیەتی هەموو ئەوانەیە کە بۆ پشوودان لا دەدەنە ئێرەو لێرە دەمێننەوە ، جا هەر فەرمایشتێکی دیکەتان هەبێ دەتوانن لەڕێی داگرتنی دوگمەی شینی ئەو ئامێرەی سەرەوە، پەیوەندیمان پێوە بکەن، ئێمەیش دەم و دەست دەگەینە لات ﴾.

**چاوم لە چاوە سەوزەکەی بڕی:﴿ دەست خۆش، زۆر سوپاس ﴾.**

**دەنگی خۆم لەسەر کاسێتەکە تۆمار کردو لەو ڕێگەوە دەرگای کانتۆرەکەم کردەوە، کەل و پەلە پێویست و گرنگەکانم خستە ناوی، دوای پشوودانێکی کورت، بۆ خوارەوە دابەزیم.**

* * *

## بەشی شەشەم

دوای سی ساڵ دابڕان، یەکەم پیاسەی خۆم لەپێش ئوتێلەکە دەست پێ کرد، شتەکان بە جاریَ گۆڕابوون، گوزەرەکە جەنجاڵ وسەراپای ئەو خەڵکە ئافرەت بوو، ڕێ بەبەر ڕێدار نەدەکەوت و شان لە شان دەسووا، مارکێت و ئوتێل وموتیل و میترۆ و ئاپارتمان و باخچەو شاری گەورە دیمەنی شارەکەیان رازاندبۆوە.

دوو لافیتەی گەورە بەمبەرو بەوبەری ڕێڕەوەکە هەڵواسرابوو..لافیتەیەك لێی نوسرابوو:﴿ بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین ﴾. لەلافیتەکەی تر نوسرابوو:﴿ لەژێر چاودێری سەرۆك، چواردەمین کۆنگرەی یەکێتی نووسەران ساز دەدریَ ﴾.

هۆڵی کۆنگرە بەگاردی مەملەکەت تەوق درابوو، حەوت هەشت ئافرەتی پۆلیس لەتەك ترافیك لایتەکە ئاسانکاری ڕێڕەوی ماشێنەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو، لەجێوە لەنگەرم گرت، تاویَ دوان دیقەتم دایە لافیتەی دووەم و تێبڕامـام، نقـومی خـەیاڵێکی قـووڵ بـووم:﴿ وااااای، ئـەوە لێـرە چ قەوماوە؟!سی و هەشت ساڵ لەمەوبەر من یەکەم دەستەی دامەزرێنەری ئەو یەکێتیە بووم، دەبیَ ئێستا هاورێکانم لەو هات و هەلاَی ئەوەندە ساڵە، وەفاتیان نەکردبیَ؟!بزانە من چەند سەیرم! ئاخر بۆچی بەڕەشبینیەوە

سەیری شتەکان بکەم! دەی با بچمە پێش، بێگومان لەو کەسانەی ئەو ڕۆژگارە بایی هێندەیان لە ژیان ماون تا لە نزیکەوە بمناسن و بیانناسم ﴾.

پەڕیمەوە ئەوبەری جادەکە .. پاسەوانێك لەپێش قاپی هۆڵەکە بە چەکەوە لەسەر کورسییەکی خولاو دانیشتبوو، کە گەیشتمە ڕاستی، بەخێرایی لە جێوە راست بۆوە:﴿ فەرموو برا، با خزمەتت بکەم﴾.

نەختێ سەرم هەڵکراند، بە تەوسەوە وتم :﴿ من نووسەرو ڕۆژنامەڤانم، ڕێگە دەدەن بچمە ژورەوە؟!﴾.

بە ئەدەبەوە هەڵیدایێ :﴿ بێ زەحمەت کارتی بەژداربوون یا داوەتنامەت پێیە؟!﴾.

حەپەسام:﴿ چی ی ی؟!نەوەڵلا هیچێکم لا نییە، بەلاّم حەقە من لەگەڵ یەکێکی دی بەراورد نەکەن! ﴾.

بەم قسانە جۆرە نارەحەتیەکم لە چاوانی خوێندەوە، بە بێزاریەکی تێکەڵ بە زەلیلی وتی:﴿ قوربان لەوە دەچێ بێ ئیش بن؟!﴾.

بە پێکەنینێکی دەستکردەوە پێموت:﴿ ببوورە نامەوێ بە خراپ لێم حاڵیبی، داواکاریەکم هەیە دەکرێ بەتەمەنترین نووسەری ئەو کۆنگرەیەم بۆ بانگ بکەن ؟!﴾.

سووکە تەمێکی گرژو مۆنی بە ڕوخسار لکا، بە سەرسوڕمانەوە پرسی :﴿ جا لەو خەڵکە زۆرە کامیان دەناسی؟!﴾.

هەموو ئەو ناوانەی لە بیرم مابوون، یەکە یەکە بۆیم ژماردو وتم:﴿ ئەمانە وەختی خۆی خزمەتێکی بەرچاویان پێشکەش بە ئەدەبی کوردی کردووە کە ئەگەر...﴾.

نەیهێشت قسەکە تەواو بکەم، قسەکەی لەدەم قۆستمەوە :﴿ بە داخەوە ئەمانە هیچیان لە ژیان نەماون ﴾.

هەناسەیەکی قووڵ و پڕ کینەم هەڵکێشا، چەند دڵۆپە ئەسرینێکم ڕێشت، کە ناسنامەکەم نیشانی داو بۆیم راگرت :﴿ فەرموو ئەرك نەبێ ئەو

ناســنامه بنێــره ژورەوه ئەگــەر وەڵامــی نــەبوو ،مــن مــەمنون بــۆ دەرەوه عارەبانەی خۆم ڕادەکێشم ﴾.

ئەویش بەدەستە چرچ و لۆچەکەی، ناسنامەکەی لەدەست وەرگرتم، بێ ئەوەی سەیری بکات بزانێ من کێم و کێ نیم ؟!بە هەڵپەیەکەوە وتی:﴿ فەرموو دانیشە﴾.

بــە دڵــی پــڕ حەســرەتەوە چــوومە باخچــەکەی تەنیشــت پرســگەو جگەرەیەکم ئاگردا..نقومی دەریایەکی پان و بەرین بووم، تا لە دەنگی غرمە غرمی چەند چەکدارێ، دەزوولەی بیرکردنەوەم پچڕا:﴿ دیسان بەزمەکەی جارانە ، هەبێ و نەبێ کابرایەکی ئارەق خۆر بە سەرخۆشی هەڵیکوتاوەتە هۆڵەکەو دەستی بە وڕێنەو جنێودان کردووەو پیاوانی ئەمنیش داویانەتە بەر شەق و پێلەقە، بە ڕاکێشان لەسەر زگ، لەسەر پشت، خەریکن فڕێی دەدەنە دەرەوە﴾.

ئەفەندیەکی نەدی و نەناس کە دوو چەکداری بە دواوە بوو، بەرەو ڕووم هات ، بەبینینی دڵم داخورپا، وشك هەڵاتم.. ڕاپەڕیم، موچڕکەیەکم بەلەش داگەڕا لە کەڵە موستی پێمەوە دەرچوو، ئەندێشەم هەڵفڕی :﴿ ئەوە چی یە؟!تۆ بڵێی ئەو کابرایە نەوەی خدرۆك نەبێ کە کاتی خۆی دایك وباوك وخوشك و براکەمیان قەتل و عام کردو لەم ڕۆژگارە بووبێتە بەرپرسێکی گەورەو سەرەڕای ئەو زوڵمە گەورە، هێشتا لە بیری تۆڵە سەندنەوەی ئەو کوڕە دابن کە سی ساڵ پێش ئەمڕۆ برا بچوکەکەم بە چەقۆ کوشتی ﴾.

ویستم پێ هەڵێنم، شەقاوەکانم وەك لە شوێنێکی دی گیریان خواردبێ، لە دوام نەدەهاتن ..گەیشتە لام، دەستی تەوقەی بۆ درێژ کردم، چومە ژێر باری تەوقەکە ، ئەوجا بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی :﴿ من وەزیری ناوخۆم، زەردەشتم ناوە، داوای لێبوردنم هەیە نەدەبوو تۆیان لێرە ڕاگرتایە، بەهەر حاڵ بەبینینت خۆشحاڵ بووم﴾.

دەتوت بە سەدان کەس لێیان داوم ، دەمم تێك ئالاٚ، ڕەنگم لە سپیاتی بەرەو زەرد بوون هەڵگەڕا،سەرم بۆ لەقاند:﴿ منیش بە بینینت خۆشحالٚ بووم ﴾.

پێکەوە بۆ سەرەوە هەڵکشاین، کە پێم نایە هۆڵە گەورەکە، وامدەزانی قاچەکانم لەنگەریان تێکچووە ئێستا یا ساتێکی تر بەردەبمەوەو دەکەوم.

خەڵکەکە زەق و زووق چاویان تێبڕیم، هەندێکیان بە گوێی یەکیان دەچرپاند:﴿ ئەوە خۆیەتی، ئەوە مرۆڤە مەزنەکەیە﴾.

چاوی بە پەلەم بە تێکچڕژای خەڵکەکە گێڕا، تاسام، تاك و تووکی پیاو و ئەوی دی هەمووی ئافرەت بوو..زەردەشت تۆزوکەك چەماوە، بە چرپەیەکەوە پێیوتم:﴿ ئێوە هێمای ئەو مەملەکەتەن، شانازیتان پێوە دەکەین، سەرجەم نووسینەکانت بە چاپێکی ڕازاوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی دایك و لەم مەملەکەتە مالٚ نییە کتێبیٚ، دوان و سیانی تۆی تێدا نەبیٚ ﴾.

گەلیٚ قسەی خۆشمان کرد.

کۆنگرە دەستی پێکرد، چەند وتارێك پێشکەش کرا، لە سەرووی هەموویانەوە وتاری سەرۆك خوێندرایەوە، پێش کۆتایی وتارەکانی یەکەم ڕۆژی کۆنگرە، داوایان لێکردم پەیڤێکیان پێشکەش بکەم.

بە شەقە شەق چوومە سەر تەختی شانۆ، چاوەکانم هەڵگلۆفت، چەند جاریٚ کۆخەیەکی وشك کۆخیم، ئەوجا وتەیەکی کورتم لەمەڕ ژیانی تەڕاوگە باس کرد.

هۆڵەکە دەتوت لەم حەشاماتە خالٚی یە، نە دەنگێك، نە چرپەیەك نەدەهات، پڕتاو دڵتەنگییەکی قێزەون هورووژمی بۆ هێنام، پەژارە دەروونی خواردمەوە، دوا قسەم لە کورتی براندەوە، :﴿ بەڕێزان ئەگەر لێمی قەبولٚ بکەن وەك بەشیٚ لە پڕۆگرامەکانی ئەم کۆنگرەیە، سبەی تیشکێك دەخەمە سەر ڕەوتی ئەنجام دانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی نوسەران کە چۆن و لە چ هەل و مەرجێکدا هاتۆتە ئاراوە﴾.

ئامادەبووان بەجارێ هەڵسانە سەر پێ، بوو بە چەپڵەڕێزان.

زەردەشت بە خۆشحاڵییەوە وتی:﴿ ئەمڕۆ ئێوارە میوانی منی ، پێش مەلا بانگدان دێمە دوات ﴾.

سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند ، کۆنگرە بە نمایشکردنی چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری، کۆتایی بە دانیشتنەکانی ئەو ڕۆژەی هێناو منیش ڕێ و ڕێ بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە.

* * *

## بەشی حەوتەم

شـەکەت و مانـدوو، دەتـوت ژان و زام لەشـی داگرتـووم و بـنی پێیـەکانم کــوتراون، ســەر خــەوێکم شــکاند، کــە خەبــەرم بــۆوە، لــە یەخچــاڵەکەدا بیبسـییەکی قوتـوم دەرهێنـاو هـەڵم پچـڕی، قرپەیـەکی لێـوە هـات، چـەند قومێکی یەك لەسـەر یـەکم لێدا، کەوتمـە داڵغـە لێدان بۆ رابردووی خۆم:﴿ ئەوە رۆژگـارە، هێشـتا بڕیـاری سـەرهەڵگرتنم نـەدابوو، دەیـانوت لـە دەرەوە سەتەلایت، مۆبایل، ئەنتەرنێت هەیـە، کـەم کـەس هـەبوو زانیاری لە بارەوە هـەبێ، تەنانـەت ئـەو خـانووە خۆشـانەی لـەڕێی تەلـەفزیۆنی نـاوخۆ نیشـان دەدرا، لێـرەوە ئێرەییمـان پێـی دەبـرد، کەچـی ئـەمڕۆ بـە پێچـەوانەوە، ئـەو پێشـکەوتن و جوانکاریـەی لێـرە هەیـە بـاوەڕم وایـە شـتی وا ڕێـك و جـوان لەسـەر گـۆی زەوی نییە..هـەروەها زۆر کـەڕەت کـە باسـی پەیوەنـدی کـوڕو کچێك دەهاتە گۆڕێ، ئاهمان بۆ هەڵدەکێشان و دەمانوت: تا کەی کچ وکوڕ نــەتوانن بەیەکــەوە دوو قســە بکــەن و پەیوەنــدی ئەڤینــداری ئــاڵ و گــۆڕ بکەن؟!لە هەڕەتی لاوی خۆمدا باوکم یادی بەخێر ، پیاوێکی مەوزون بوو، لـە ئاسـتیدا شـەرمم دەکـرد پێیبڵـێم:﴿ بابـە گیـان هـەناوم ئـاگری گرتـووە، گەوهـەرم خـۆش دەویَ و گەوهـەر خۆشـی دەوێـم، دەسـتەکانت مـاچ دەکـەم،

چاوەکانت ماچ دەکەم ئەگەر خەمیٚ، مشوریٚکم لیٚ بخۆی و بۆم بچیە داخوازی ﴾.کەچی دەربڕینی ئەم قسانە لای دایکم ئاو خواردنەوە بوو، زوو زوو بە دەنگیٚکی پڕ شکۆوە دەموت:﴿ ئەریٚ دایە گیان دەزانی لەو دونیایەدا کچ هەبیٚ و جوانبیٚ هەر ئەوە﴾.دایکم دەسڵەمیەوە، زۆرجار تفی گەرووی دەکردە تۆپەڵەیەك و ڕای دەهیٚشت:﴿ هەی ناکەس بەچە، هەی حەرام زادە..تەماشا تەماشا چەند بیٚ چاو و ڕووە، ئەو قسە قۆڕ و هەلەق و بەلەقانە چین دەیکەی؟!ماشەڵلاٚ تۆ هیٚشتا منالٚکارەی، جاریٚ بخویٚنە، خوا گەورەیە، کەی خویٚندنت تەواو کردو دامەزرای، ئیدی چ کچیٚکت ویست بۆتی دیٚنم ﴾.بە پیٚکەنینیٚکی بەمەغزاوە دەموت:﴿ ئاخر دایکە لیٚت تیٚك نەچیٚ ، هینەکەی من، مەخسەدم قلەکەی من کەڵەگەتە، بالاٚ بەرزی بەژن قەڵەمی ،پرچ زەرد، چـــاو سەوز..لوت باریك و دەم و لیٚویٚکی ناسك و قنجی هەیە، تەنانەت ئەو کەسەماڵیان لە تەك ماڵمانە ﴾.دایکم بەسەلیقەوە:﴿ چاو چاو،حاڵیم لەگەڵ گەوهەرە پرچ بەڕشکنتە،دەزانم پیٚت ناخۆشە وادەڵیٚم، دەی کەی وەختت هات ، بەسەر هۆردوو چاوی دایـیٚ ،دەچمە خوازبیٚنی، ئیتر گلەییت ما؟﴾.قسەی خۆش لە بەهەشتەوە هاتووە، ئەو کاتە من و گەوهەر دوو لاوی تاك وتەرای ڕەسەن و تازە هەڵچووی متمانە بەخۆ بووین، پەیوەندیمان زیٚتر لەڕیٚی نامە گۆڕینەوە بوو، شاگوڵی خوشکم تەتەری هات و چۆی نامەکان بوو، ئەوەبوو قۆناغەکانی خویٚندنم بە سەرکەوتوویی بڕی و بوومە مامۆستا، بۆ مووچەی یەکەمم هیچ ، لەوەرگرتنی مووچەی دوەمم دا، کاتیٚ لە دەوام گەڕامەوە،خۆم دەخالەتی دایکم کردو بەدەم پاڕانەوە پیٚموت:﴿ دەستم دامیٚنت دایە گیان ،حەوسەڵەو ئۆقرەم لیٚ بڕاوە، خەریکە لە تاو گەوهەر گڕ دەگرم، نە ئاگام لەخۆیە نە لە وانە وتنەوە.. توخوا بۆم ناچیە خوازبیٚنی؟!﴾.دایکم بەدەم قاقای پیٚکەنینەوە دەیوت:﴿ قەت نەمدەزانی ئەوها بۆ ژن سوتاوی ..خوا کەریمە ، با باوکت بیٚتەوە قسەی لەگەڵ دەکەم ﴾.هەر وا بوو قەناعەتی بە باوکم هیٚنا، چەند جاریٚ دوو بە دوو چوونە پیٚش، باوکی گەوهەر بە

مەبەستی نەدانی کچەکەی ، هەر جارە بیانوو و پاساوێکی دەهێناوە، جارێك پێیانی وت:﴿ من کورم گەورەو عازەبە تا ژن بۆ کورەکەم نەهێنم ، گەوهەر بە مێرد نادەم ﴾.جاری دووەم پێیانی وت:﴿ من لێناگەرێم گەوهەر بە بێ بنپشك لەو ماڵە دەرچێ ﴾.دوا جاریش پێیانی وت:﴿ ئێستا بیرم بەتەواوی گۆڕاوە، ئەگەر خوا ڕێکی بخات، بە تەمام گەوهەر بۆ خۆم بە ژن بدەم ﴾. باوکیشم دواجار سەرزەنشتی کردم، وتی:﴿ کوڕی خۆم حەز دەکەم دەست لەو کچە هەڵگری؟!خۆ دایکی کراس ڕەش نەبڕاوە ، بە کورتی و کوردی، باوکی گەوهەر نایەوێ ئەو خزمایەتیە بکات﴾. بەم قسانەی باوکم، تەوژمی گریانێکم لەقورگدا قوڵپی دا..هەیپێم لێ کرد، بەرەو دەرەوە دامە گورگە لۆقە، پێش ماڵئاواییکردن لە دارو بەردو هەواو هەموو شتێکی ئەم شارە، من و گەوهەر یەکترمان ببینی، پێموت:﴿ گیانەکەم، من بڕیارم داوە بچمە هەندەران، تکاکارم بەرگەی ئەو تەمەنەی دووریم بگری، دیارە لەو ماوانەدا هەموو بەرنامەیەکم دۆزینەوەی کارو کاسبی دەبێ، هەرنا دوای گەڕانەوە بەو پارەی پەیدای دەکەم بتوانم سەرنجی باوکت ڕابکێشم تۆم بداتێ، بەڵێنیشت دەدەمێ تا مردن جگە لە تۆ ، هیچ کەس بەهاوبەشی ژیانم نەزانم ﴾. گەوهەر بەتەوسێکی تێکەڵ لە بێزاری و دڵتەنگی، وتی:﴿ منیش پەیمانبێ ئەگەر پرچی ڕەشی قەترانیم سپی بکەم، جگە لە تۆ نابێ بچمە باوەشی هیچ پیاوێك و شوو بەهیچ پیاوێ نەکەم﴾. ئەوجا وێنەیەکی خۆی دامێ، بەچەند ڕستەیەك لە پشتی وێنەکەدا وەفاداری خۆی تێدا نووسی، هەفتەیەك پاشتر بازرگانێکی زەنگین هاتە داخوازی ، باوکی چەندی کردو کۆشی ڕازی بکات، وێڕای هەڕەشەکانی:﴿ بەخودای بەخۆشی مێرد بەو بازرگانە دەکەی باشە، وەئەگینا ناچارم سفت وسۆت بشکێنم ﴾.ئەویش بەدەرونێکی پڕ لەژەنگ و ژارەوە بەڕوی باوکی دەتەقێتەوە:﴿گوێ بگرە بابەگیان، مێرد کردنی من بە حەزو ئارەزووە نەك بەزەبرو زەنگ، هەڕەشەو گوڕەشە ملم پێ کەچ ناکەن، من لەمردن ناترسم بەکوشتنی من ئابرووتان دەچێ و چ وەڵامی ئەو خەڵکە

دەدەنەوە ئەگەر بپرسن: گەوهەر لەسەر بێناموسی کوژراوە؟!دوای ئەوە کێ باوەڕتان پێ دەکات کە تۆ لەسەر شووکردنێکی بەزۆرو زەبرو زەنگ منت کوشتوە؟﴾.

کەشتی بیرو مێشکم لەکەناری دەریای ئارامی نیشتەوە، ئاهێکی پڕ بەسیەکانم هەڵکێشا، دەستم گەیاندە کۆنترۆڵی تەلەفزیونەکەو بەدیار کەناڵێکی ئاسمانی ناوخۆ دانیشتم، پێشکەشکاری بەرنامەو بەڕێوەبەری سەرجەم ڕیکلام و تەمسیلی و فلیمەکان، بەدەگمەن پیاو بوون، ئەویتر سەراپا ئافرەت بوو..بەدەنگێکی کزۆڵیەوە بەخۆمم وت:﴿ ئەمە بووە چی؟!ئافرەت و ئافرەت، کاتی خۆی پیاوان دەیانوت: ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، کەچی ڕێیان بە کچ و خێزانەکانیان نەدەدا بچنە بەر خوێندن، گەڕان و سووڕان بۆ دەرەوە حەرام بوو،ئیش کردن لەدام و دەزگاکان بە تاوان دادەنرا، تەنانەت ئافرەتێك لە ئاهەنگێکدا گۆرانیەکی بچڕیبا، ئەگەر دەنگیشی قێزەون بوایە، خەڵکەکەبە جۆش وخرۆشەوە گوێیان بۆی شل دەکردو بۆ نواندن و تەمسیلی بەهۆی نەبوونی ئافرەتەوە، پیاوان خۆیان دەکردە ئافرەت، کەچی ئێستا شتەکان یەك بە سەد گۆڕاوە، لەبیرمە مامم ڕێی لە کچەکانی دەگرت بخوێنت، کەچی کاتێ خێزانی یا کچەکانی نەخۆش بکەوتنایە دەیوت: حەرامە ئافرەت ببردرێتە لای دکتۆری پیاو، با بزانین دکتۆرێکی ئافرەت نادۆزینەوە﴾.

ئاهێکی خۆنەکردەم هەڵێشا، تەلەفزیۆنەکەم کوژاندەوە..کانتۆرەکەم بە دەنگی: ﴿ ببەوە﴾ خستە سەر پشت، جانتاکەم دەرهێناو ڕەسمەکەی گەوهەرم لێ دەرکرد، بۆ تاوێ دیقەتم دایێ:﴿ ئاااای خوایە گیان دەبێ گەوهەر مابێ؟! ئەی دەبێ خاوەن بەڵێنی خۆی بووبێ و تا ئێستا شووی نەکردبێ؟!ئـــــــاااای کوولەگەی روحم دڵەکەم گەوهەر، زۆرم حەز بە بینینتە ، دڵنیامە تۆش بەبینینم خۆشحاڵ دەبی، ئەی بۆچی لەتەك ئەو قسانەدا، هەزارەها ختورەی خراپم بە دڵ ودەرون دادێ کە ڕەق و ڕاست بە خۆم بڵێم :تازە کار لە کار ترازاوە، ئەوەی چوو، چوو، بەدوای چوان

مەچوو، بڕوام وایە گەوهەر شووی کردبێ و لەم ئافاتەدا بەدەیەها ژنی تری بەسەردا هاتبێ ..گەڕانەوەم لە پێناو خۆشەویستی تۆیەو بە دابڕانی تۆ جارێکی تر سەری کاسم هەڵدەگرم و دەگەڕێمەوە، چونکە ناتوانم بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرم کە ببینم دەستت خستۆتە دەستی پیاوێکی غەوارەو بەدەم پیاسە کردنەوە، بەبەر دەمم تێدەپەڕن و منیش زەقەی چاومبێ ﴾.

لە زەنگی مۆبایلەکە ڕاچڵەکیم، دەتوت بەدوای خەوێکی نەخۆشی لەرزو تا بەخەبەر هاتووم و کەللەی سەرم هەڵئاوساوە، چاوم دەرپۆقیو و گوێچکەم زرمەی دەهۆڵی تیا دەنگ دەدایەوە، مۆبایلەکەم هەڵگرت :﴿ فەرموو﴾.

ئافرەتێك بەناسکە دەنگێکی فریشتەیی و چرپەیەکی وەك سروەی شەماڵ، وتی:﴿ نەختێ لەمەوبەر جەنابی وەزیر تەلەفۆنی کرد، وتم: ڕەنگە نوستبێ..ئەویش وتی:دەی کەوایە هەڵی مەستێنە، کەی خەبەری بۆوە، پەیوەندیم پێوە بکە﴾.

–من سەرخەوی خۆم شکاندووەو دەمێکە بەخەبەرم.

+دە زۆر چاکە، ئێستا تەلەفۆنی بۆ دەکەم، سوپاس.

–سوپاس بۆ تۆش.

* * *

## بەشی هەشتەم

بە خێرایی چوومە گەرماوەکە، نەختێ ئاوم بەخۆما کردو هەر زوو هاتمە دەرەوە، دوگمەی پەیوەندیم داگرت:﴿ ئەرێ تەلەفۆنتان بۆ جەنابی وەزیر کرد؟!﴾

+بەڵێ قوربان ڕەنگە کەمێکی تر بگاتە لاتان.

–باشە زۆر سوپاس.

+شایەنی نییە، سوپاس بۆ تۆ.

بەرەو هۆڵی پێشوازی داغل بومەوە، کەوتمە هات وچۆ تا جەنابی وەزیر پەیدا بوو، لەوێ سەرو قاوەی خەستمان هەڵقوڕاند، ئەندێشەم بۆ ڕۆژانێکی زۆر زوو ڕۆیشت:﴿ ژیان بەو ئاقارە دەڕۆیی ئەوەی خۆی بەمەسئول بزانیبایە، یاسا بەپێی میزاجی شەخسی پیادە دەکرا..دیمەنەکان کۆن دەبن و لەپێش چاو ناکەون، وادەزانم دوێنێکەیە، کوڕە مەسئولێك بەسەیارەوە لە ترافك لایتی دا، پۆلیسی هاتووچۆ ژمارەکەی گرت. کوڕە مەسئولەکە بۆی گەڕایەوە، چاوێکی لە حیمایەکانی داگرت:﴿دەی بتانبینم و نەتانناسمەوە﴾.

ئەوانیش هەڵیان کوتایە سەری، بەشەق وپێلاقەو قۆنداغە تفەنگ بەربوونە وێزەی، سفت وسۆیان شکاند، ئەوجا وتیان:﴿ فەرموو دەنگت دەگاتە لای کێ و کێ دەناسی، بچووە لای﴾.پۆلیسەکە وزەی بیرکردنەوەی

لەمێشـکدا کوژابۆوە،چـاو ئەبڵـەق، ورتـەی لەدەمـەوە دەرنـەهات. هـەروەها گەنجەکانی ئەو سەردەمە، تفەنگی مزەللیان دەنایە شان و کەشخەییان پـێ لـێ دەدا، بـەناو بـازاڕو کووچـەو کۆڵانـەکانی گـەڕەك دەسـوڕانەوە، گـەر دەرەقـەتی یـەکێ بهاتنایـە، عـەرزی عـەزەلاتیان دەردەخسـت و پـەڵپ و بیانوویان پێ دەگرت، ئەگەر ئەو کەسە دەنگی نەکردبایە، بەئاسانی لێی دەردەچوو، ئـەگینا وەردەگەڕانـە سـەرو گوێلاکی و بەبەر چاوی خەڵکەوە، پۆت وکەڕامەتیان دەشکاندو لە عەلاگەیان دەنا.

دەنگـی زەردەشـت ، ئەندێشـەی بیرکردنـەوەی قرتانـدم:﴿ قوربـان کـاتی نان خواردنە، بۆ قاتی سەرەوە هەڵنەکشێین؟!﴾.

به سەربادانەوە:﴿ ئەمری بەڕێزتانە..فەرموون ﴾.

قـاتی سـەرەوەی ئوتێلەکـە بەهـەموو لایـەکی شـاری دەڕوانـی..مـن زۆر شوێنم دیبوو، زۆر شوێن گەڕا بووم،جێگەیەکم نەدۆزیەوە بەقەد ئەو شوێنە دڵگیرو خۆش ودڵڕفێن بێ..ئەوانەی لەوشوێنە بەردەستییان دەکرد، کچی ئـاغرو تـازە هەڵچـوو، بەیـەك جل و بـەرگی سـوورو شین، یەکـەو شـەپقەی تۆخیان نابووە سەر، وەکو شارە مێرووله دەهاتن و دەچون.

پەردەیەکی تەنکی تاریکی بە بەری ڕۆژهەڵات ڕوو لەوەبوو خۆی بەسـەر ئاسمـانی شـار بکێشـێ، ووردە وردە کـزە ڕووناکیەکـەی لای ڕۆژئـاوای ڕادەماڵی، زەردەشت بەدەم بزەیەکەوە وتـی:﴿ ئەم چێشتخانە پلە یەکەو جگـە لەخواردنـە بیانییـەکان، هـەموو ئـەو خواردنانـە هەیـە کـە لـەباب وباپیرانەوە بۆمان بەجێماوە﴾.

دۆ بەکەشـك و قـوڕاو و قـۆزی و دۆڵمـەو دۆغـەواو بریانیـان لەبـەردەم دانـاین..ڕووم کـردە زەردەشـت:﴿ هاتنـە دی یـەك لەخەونـەکانم خواردنـە خۆماڵیەکانـە، تـازە چـوبوومە دەرەوە، ژیـانی ئێـرەو ئـەوێ دوو شـتی لێـك جیـاوازە، لێـرە پیـاو بچـێتە بـازاڕو بیـەوێ شـت بکڕێ..تـەرۆزی.. هەنار..هەرمێ..سێو.. خـەیار ..تەماتـەو شـتی تـر، لـە کیلۆیـەك، دوو کیلـۆ کـەمتر ناکڕێ.جارێکیـان لامدایـە دوکـانێکی ئـەوێ و بەخاوەنەکـەیم وت:﴿

ئەریٚ دوو کیلۆ پرتەقاڵم نادەیتیٚ؟!﴾.کابرا چاوی زەق بۆوە:﴿ بێگومان تۆ خەڵکی ئێرە نی؟!﴾..وتم:﴿ چۆن دەزانی خەڵکی ئێرە نیم؟!﴾.وتی :﴿ کاکی برا شت لێرە بەپێی پێویستیە، کە دەڵێی پرتەقاڵم دەویٚ، بڵیٚ ئەوەندە دانەم بدەیە﴾.ئێوارەیەکی بەهاری بارانـاوی بوو،چووومە چێشتخانەیەك و نانێکی چاکم خوارد..کاتیٚ هەڵسام بچمە دەرەوە، لەتەنیشت قاپی سەرەکی ، مێزێکی گەورە دانرابوو، سینیەك شووتی لەسەر بوو، بەپێوە دەستم گەیاندیٚ..بخۆو بخۆ، تا هەنگڵم هێشا شفتیم خوارد، پەیامنێرێك چرك چرك وێنەی دەگرتم. پارەکەمداو هەنگاومنا بڕۆمە دەرەوە، پەیامنێرەکە پێشی لیٚ گرتم و بەدەم بزەیەکی سازگارەوە ڕووی پرسیاری ئاڕاستە کردم :﴿ دیمەنی تۆ سەرنجی ڕاکێشام چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکەم و بەرایی پرسیارم لەوەوە دەست پیٚ دەکەم : ئایا ئەو زۆر خواردنەی تۆ لەچی یەوە سەرچاوەی گرتووە؟!﴾.وشە لە گەروم تاسا بوو، بەخۆشحاڵییەوە وتم:﴿ ببوورە منیش وەکو تۆ نووسەرو ڕۆژنامەنووسم ﴾. پەیامنێرەکە تێر پێکەنی و هێمنانە دەستی نایە سەر شانم:﴿ ببوورە ئەگەر نووسەر نەدەبوی، لەسەر ئەم شووتیە، لاپەڕەیەکی تەواوم لەسەر پڕ دەکردیەوە، بەهەر حاڵ هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم﴾.

زەردەشت دەستی بۆ خواردنەکە درێژ کردو فەرمووی لیٚ کردم:﴿ فەرموو، فەرموو ناوی خوای لیٚ بێنە﴾.

دەستم درێژ کرد، بیرو هۆشم بە گەوهەرەوە خەریکما:﴿ ئاااای گیانەکەم، خۆزگە ئێستە لەتەکم دەبووی﴾.

نانمان خوارد، دەستمان هەڵگرت، سەرو چامان هەڵلووشی و بەرەو هۆڵی ئاهەنگ گێران شۆڕ بووینەوە، هۆڵەکە گەورەو فراوان بوو، لەوێش جەماوەرەکە ، پێشکەشکارو گۆرانی بێژەکان تاك و تووکیان پیاو بوو، ئەوجارە بەپێچەوانەی جاری جاران، عامەی خەڵکەکە لەجیاتی کیژۆڵەیەکی جوان، حەزیان دەکرد کوڕێکی ناشیرین گۆرانیان بۆ بچڕیٚ.

شایيان دابەستا، ڕەشبەڵەك گەرم بوو، ڕەنگەکان ئاوێزانی یەکدی ببوون، خۆشیەکی بێ سنوور گەمارۆی دام و دڵمەست بووم، وەلێ جارێکی دی مێشکم هەژانێکی گەورە هەژا، داخزامە جیهانێکی ترەوە:﴿ ڕەنگە ئەوەی من دەیبینم خەونبێ..وا دامانا ئەو دیمەنە خەون نییەو ڕاستیە، باشە چ دەقەومێ ؟!نازانم دڵم بەچییەکی ئەم ئاهەنگە خۆش بێ لە پڕ ببینم ئەوە گەوهەرو پیاوەکەی دێنە ناو شاییەکەو منیش زەقەی چاومبێ..نا..نا..شتی وا ببینم یەکسەر دڵم دەوەستێ و دەمرم..ئای کە منیش چەند سەیرم، ئاخۆ هێشتا هیچ نەبووە خۆم هێناوەتە حاڵی چەقۆ، ئەو سەغڵەتیەی ناوێ، ئەی ئەگەر بۆم دەرکەوت گەوهەر ماوەو شووی نەکردوە ئەو کات چی دەبێ؟!چی دەبێ؟!شاگەشکە دەبم، باڵدەگرم، تا دواکۆت لە شاییەکە دەرناچم هەرچەندە ئەوە لەبەختی من ناوەشێتەوە.

ئاهەنگەکە کۆتایی هات، منیش شل و شۆق، بەلەشی شەکەت و بێپەرواوەوە، چوومەوە ژوورەکەم. گارسۆنەکە چایەکی خەست و گلاسە ئاوێك و دوو ئێوارە ڕۆژنامەی لەسەر سینیەك هێنایە بەردەمم، بەدوو فڕی قووڵ، چایەکەم ئاودیو کرد، بەدوادا ئاوەکەم خواردەوە، یەك لە ڕۆژنامەکانم هەڵگرت، چاوێکی بەپەلەو خێرام پێدا خشاند، ببینم ئەوە وێنەیەکی گەورەی من لەدوا لاپەڕە بڵاو بۆتەوە..ئاااای زەمەن ئەمە چ ڕۆژگارێکە تووشی هاتووین؟!پێشان ڕۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێك وێنەی ئافرەتێکی بەنیمچە ڕووتی لێ بدایە، وامان گومان دەبرد ئەو دەزگایە ڕووح و ناخی گەنجان دەخوێنێتەوە، ئێستاش لەنەبوونی قەڵەمی نێرینە، سەرتۆپی بڵاوکراوەکان ئافرەتن.

مانگ بەسەر سینگی ئاسمانەوە خەرمانەی دابوو، ڕووناکیەکی زیوینی بەسەر بانەکان دەبەخشی، وردە وردە خەواڵو بووم و چاوەکانم بەگرانی دەکرانەوە، باوێشکێکی قووڵم دا، زۆری نەبرد، خەو زایە چاومەوەو خەوتم.

* * *

## بەشی نۆیەم

بەیانی کازیوەی دا، خۆر چەند گەزێك بەقوولایی ئاسمان ڕۆچووبوو، دەنگی زەنگەکە خەبەری کردمەوە، دوگمەی دەنگ و ڕەنگم داگرت، کچە ژیکەڵەکە بەسەرسوڕمانەوە تێیڕوانیم وەکو کەسێك لە مردوییەك بڕوانێ:﴿ قوربان، نان ئامادەیە﴾.

– با بێ.

دەرگاکەم بە وشەی ببەوە خستە سەر پشت، دەم و چاوم جوان شووشت و قژە خاوەکەم بەشانە داهێنا، کچەکە چاوێکی پڕ عیشوەو نازی دامێ، کە سەری ڕاوەشاند:﴿ بەیارمەتیت ﴾.بە ئەدەبەوە هاتە ژوورو سینیە نانەکەی لەسەر مێزەکە داناو ڕێ و ڕێ گەڕایەوە.

زگی برسیم تێر کرد، دەستم گەیاندە ڕۆژنامەیەکی ئەو بەیانیە بۆ ئەوەی بزانم چ باسە ؟! لە گۆشەیەکدا بابەتێك لەمەڕ ژیانی من بڵاو کرابۆوە، نووسرابوو:﴿ ئایا ئەو نوسەرە مەزنە ژنی هێناوە؟! گەر ژنی نەهێناوە، بەرنامەی بۆ ژنهێنان چی یە؟!﴾.

لەخوێندنەوەی بابەتەکە ڕشت بووم، هەموو نووسینەکە وای نیشان دەدا کە ژنم نەبێ ئەوە خەڵکێکی زۆر ئامادەن بە پارەو پووڵ وسەروەت وسامانی خۆیان، لەجیاتی من بچمە خوازبێنیان، ئەوان بێنە پێش و داوای دەستم بکەن رازیبم بیانخوازم، وەکو لەکۆتایی نووسینەکە هاتبوو:﴿ بە

مارەکردن و گواستنەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەت، خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە خاکەکەی دەکات﴾.

ڕۆژنامەکەم بەلاوەناو ئەوی ترم دەست دایێ، چاوم بەیەکە یەکەی سەردێڕەکان گێڕا، لەوێش بابەتێك لەسەر من بڵاو کرابۆوە، نووسرابوو:﴿ئەم کەڵە نووسەرو ڕووناکبیرە بەژن هێنانی بێگانە، دڵتەنگی و نیگەرانی زۆر دەڕسکێنێ، ئەوەیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بیرکردنەوە و هەڵس و کەوت و داب و نەریتی ئێرە لەگەڵ ئەو شوێنەی پێشووی جیایەو ڕاهاتن و گونجانی ئەو ژیانە ماوەیەکی زۆری گەرەکەو هێشتا بەبەریەوە ماوە کە بەدەیەها ژنی بێسەرپەرشت لەسایەو سێبەری ڕەحمی ئەودا لەنگەر بگرن و بحەسێنەوە﴾.

سەرم بە ملدا شۆڕکردەوە، کەوتمە دەریای بیرکردنەوە:﴿ئاااای دەردی بێ پیاوی ..دەبێ قەت لەم دونیایە لەو دەردە پڕ سوێ و ناخۆشتر هەبێ؟! گەوهەرەکەم بەزەحمەتی دەزانم لەو جەنجاڵی یە توانیبێتت بەرگەی بێ پیاوی بگرێ، ڕەنگە لەپاڵ دەیەها ئافرەتی تر پیاوێك مێردت بێ، دەبێ ئەو یەك دوو ڕۆژە ئارام و ئۆقرە بگرم، دوای تەواو بونی ئەو کۆنگرەیە کوێم ویست، حەزم لەکوێ بوو دەچم سەری پێدا دەگرم﴾.

بەڵێنەکەم گەیاندە جێ، لەدووەم ڕۆژی کۆنگرە، بابەتێکم لەمەڕ مێژووی گرێدانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی نووسەران پێشکەش کردو بۆ پڕۆژەی کارو گفتو گۆی پەیڕەو و پڕۆگرام، دەستەی ئامادەکار جاڕی دا:﴿ئامادەبوانی بەڕێز، پێش باسکردنی ئەم بابەتانەو هەڵوێستە کردن لەسەریاندا، بۆ نیو کاتژمێر پشوو، ئازادی خۆتان وەربگرن﴾.

چاوی کامێرام بەدواوە بوو، لێم دانەدەبڕا.. لەکافتریاکە دانیشتم.

سۆلین ئەندامی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە، قیت و قۆز، خۆی گەیاندمێ، لە تەنیشتم هەڵقونجا.. دەمێ دوان تیشکمان خستە سەر ڕەوشی ئەدەب و هونەر، لەوەوە وەکو بۆ دەرخستنی مەرامەکانی دڵی

بەپەلە بێ، بە پێکەنینەوە وتی :﴿نامەوێ کاتت لێ بگرم..حەز دەکەم هەندێ شت هەیە ئەگەر گوێم بۆ ڕادێری؟!﴾.

منیش زەردەخەنەیەکی کاڵ گرتمی:﴿بە دڵنیاییەوە فەرموو فەرموو، فەرموو ئەوە گوێم بۆ شل کردووی﴾.

ڕەنگی دەم وچاوی هەڵبزڕکا، بە پەشۆکاویەوە هەڵیدایێ:﴿من لەیەکەم دیدەنی تۆدا شتێکی گەورەم بەدی کردووە، ئەویش خۆشەویستی تۆیە، خۆشەویستیەك ناتوانم وەسفی بکەم..دوو شوقەی گەورەو کۆمپانیایەکی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانم هەیە، دەمەوێ بمهێنی، بە ڕازیبوونت، لەبەرایی ئیشەکاندا هەموو ئەو شتانەت بەناو دەکەم﴾.

لەدەرونەوە بەخۆمم وت :﴿ئەمە چ ڕۆژگارێکە دەیبینم؟ من نابێ هەرێ بەکەس بدەم تا دڵنیا نەبم گەوهەر ماوە یان نا، مێردی کردووە یا بێ مێردە، بەپوزێکەوە سەرم هەڵبڕی و پاساوم بۆ هێنایەوە:﴿ببوورە سۆلین گیان من خاوەنی بڕێ منالم﴾.بە ساردییەوە زمانی هەڵێنا :﴿باشە خۆ سی ژنت نەهێناوە تا نەتوانی ژنی تر بێنی؟!﴾.

بەسەر سوڕمانەوە وتم:﴿چی ی ی؟! سی ژن؟!باشە ئەم هەموو ژنە بەچی بەخێو دەکرێ و چۆن تێر دەکرێن؟!﴾.

وەك هێشتا بە ئومێد بێ، بەتەوسەوە وتی:﴿یاسا ڕێی بەپیاوداوە سی ژن بێنێ، لەقسەکانڕا پێ دەچێ خاوەنی سی ژن نەبیت، لەبەرت دەپاڕێمەوە، لەبەرت دەمرم.. دەستەکانت، پێیەکانت ماچ دەکەم ئەگەر سی ژنت نییە، بەهاوسەری خۆتم قەبوڵ بکەی﴾.

ویستم زەردەخەنەی دڵنیایی بەڕوودا بدەم، بەلاّم شێوەی تێکەڵەژانێکی گیانی و جەستەیی بە دەستەوە دا:﴿ بە گوێرەی قسەکانی تۆ بێت، من یاسا شکێنم و سەرپێچی دەستوورم کردووە﴾.

سۆلین وا حاڵی بوو کە لە سی ژن زیاترم هێناوە..بەخەمساردییەوە وتی:﴿خۆزگە بیست ونۆ ژنت هەبوایە وا دەبوو بەمنەوە سییەکەت تەواو دەکرد، بەهەر حاڵ داوای لێبوردنم هەیە، بەیارمەتیت﴾.

–فەرموو، بەخێرچی.

بەپەلە پرۆزیٚ هەڵسا ، دوو هەنگاو دوورنەکەوتبۆوە، شیلان هاتە جێیەکەی..شیلان کەڵەگەتەی دەم وچاو سپی پرچ زەرد بوو، لەقسەکردن هێندە بەنەرم و نیانی دەدوا، پیاو حەز دەکا شەوو ڕۆژ لەگەڵی دانیشیٚ و گویٚ بۆ قسەکانی بگریٚ. ئەویش دەستی گەیاندە جانتا بۆرەکەی شانی و کاغەزێکی لیٚ دەرێنا:﴿ قوربان ئەمە تاپۆی ئوتێلەکەمەو چەند ڕیز دوکان و سەیارەیەکی دوا مۆدێلم هەیە، بەس ڕازیبە بمهێنی، لە ئێستە زووتر نییە شووت پیٚ دەکەم و هەموو ئەو شتانەت بە ناو دەکەم چونکە ئەو نووسین و بۆچوونانەی لە ڕۆژنامەکاندا لەسەر تۆ بلاوکراونەتەوە وادەردەخەن تۆ ژنت نەبیٚ، بۆیە ئەوەت پیٚ دەڵێم بەس بمهێنی شەو و ڕۆژ لەسەر سەرت دادەنێم و خزمەتت دەکەم﴾.

بەسەرو زمانێکی شیرینەوە وتم:﴿ ئەی ئەگەر سی ژنم هەبیٚ؟!﴾.

بەو قسانە دڵی هاتە سویٚ، هەراسانی لەسەرو سیمای بەدیار کەوت..پێش ڕۆیشتنی، بەساردیەکەوە زمانی گەڕاند:﴿ خۆزگە بیست و نۆ ژنت دەبوو و بەمنەوە سیەکەت تەواو دەکرد..بمبەخشە سەرم هێشاندی ﴾.

ئافرەتێکی دی کە دەم و دوویم بەلاوە نامۆ بوو، قیچیٚ وردیلەی باریك و بنێست بوو، چاویلکە لە چاو ، قژی ڕەش و قەترانی، شانی خڕ و کەوانەیی، قاتێکی ڕەنگ کراوەی کەتانی پۆشی بوو، لەهەمان شوێن دانیشت، منی بەچەشنی ئەو گەنج و لاوانە هاتە بەر چاو کە لەگەڵ بینینی ، ئەژنۆیان دەشکیٚ و لەجێوە خۆیان کڕ دەکەن، چاوە ئەستێرەییەکەی بڕییە قووڵایی چاوە قاوەییەکەم و ناسکە ماچێکی لێوی کردم، بەدەم بزەیەکی سازگارەوە وتی:﴿ دوو ڕەزی گەورەو فراوانم لەزەویەکی شەش هەزار دۆنمی و کارگەیەکی ڕستن و چنین و مەلەوانگەیەکی داخراوم هەیە، حەز دەکەم هەموو ئەو شتانەت بەناو بکەم﴾.

**بەنیمچە تەوسێکەوە وتم:﴿ بۆ چ قەوماوە؟! چ خێرە بەناومی دەکەی؟! خۆ من هیچم نەکردووە تا شایستەی ئەو شتانەبم ﴾.**

**خۆی شێلو نەکرد:﴿ نا..نا.. وامەڵێ، ئەوەی تۆ دەیکەی زۆر لەمانە مەزنترن..بەس موافەقەت بکە بمهێنی، هیچم لێت ناوێ، کارو کاسبی و بەخێوکردنت لەسەر من، تەنها و تەنها بخۆو بخەوەو ئاگایەکت لێمبێ ﴾.**

**–بە حیسابی سی ژنە چیم پێ دەکرێ؟!.**

**+هەر حیسابێك، تۆ قەبوڵتبێ.**

**–ئەی یاسا بەرامبەر پیاو چی دەڵێ؟!.**

**+بە هۆی شەڕی مەملەکەتەکەمان لە شەڕی ناوخۆ بۆ شەڕی ئەو مەملەکەت و مەملەکەتی دراوسێ، لەکەمی پیاوان.. ..**

**قسەکەیم لەدەم قۆستەوە:﴿ ئا بەو ڕادەیە پیاو لەکەمی داوە؟!﴾.**

**+بێ شك قسەکەت تەواوە ، هەر ئەم هۆکارەیە وایکردوە لەلایەن میریەوە مانگانە ئەوەی پیاوە، بەناوی مۆڵەتی باوکایەتی مووچەیەکی خەیاڵی بۆ ببڕدرێتەوە بێ ئەوەی دارێ لەسەر بەردێ دانێن، تەنانەت ئەو پارەیەش کە وەری دەگرن تەنها بۆ ئەوەیە خزمەتی خۆیانی پێ بکەن، بخۆن و بخەون و لەهەوڵی بەردەوامی زیاد کردنی نەوەی نوێدابن و هەوڵێك بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگی ژن و پیاو بدەن.**

**پرسیم:﴿ئەی باشە ئەو پیاوانە بۆچی وا ڕەق و کۆتەرەن؟!﴾.**

**زمانی هێنایە گۆ:﴿ ئەگەر ڕاستیت لێ نەشارمەوە، لەگەڵت ڕاستگۆبم، ئەو پیاوانە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی ژنەکانیاندان بەسرە و بەپێی خشتەی مانگانە نابێ هیچ ژنێکیان بێ بەش بکەن، ئەمەش پیاو بێ تاقەت و لاواز دەکات ﴾.**

**دەنگێك لەمایکرۆفۆنەکە بەرز بۆوە:﴿ داوا لە گشت ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین بفەرموون بۆ هۆڵی کۆنگرە ﴾.**

**بەهەڵپەیەکەوە وتم:﴿ قسەکردن لەگەڵ جەنابتان زۆر خۆشە، با ئەو دانیشتنە بۆ دەرفەتێکی تر هەڵگرین ﴾.**

**کە ئەدرێسی خۆی پێدام:﴿ قوربان ئەم کارتە ناونیشانی ماڵمانە، بەهاتنت گەورەمان دەکەی ﴾.**

**بەدەم بزەیەکی گەشەوە کارتەکەم لێی وەرگرت:﴿ بەسەرچاو..هەر دەرفەت رەخسا، دێمە خزمەتت ﴾.**

**جارێکی تر هۆڵەکە لەچپە چپ و ژاوە ژاوی ئەو حەشاماتە کپ بۆوە، دەست بە بەرنامەی کار کرا، بڕگەو بابەتەکانی پەیڕەو و پڕۆگرام خوێندرانەوە، دوای گفت و گۆیەکی تێرو تەسەل، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەو وردە بابەتانەیشی کە مایەوە، هەڵگیران بۆ ڕۆژی پاشتر کە لەپاڵەوە پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی تازە ئەنجام بدرێ.**

**هەنگاوەکانم بەلەشی شەکەت و بێ پەرواوە بەرەو ئوتێلەکە بەدوای خۆدا بەکێش کرد..بێ خۆگۆڕین، جەستەم فڕێدایە سەر سیستەمەکەو تا بەرە بەری ئێوارە لێی نووستم.**

*    *    *

## بەشی دەیەم

کاتێـک حەبـەرم بـۆوە، خـەریك بـوو لـەناخی بیرەوەریەکانمـدا نقـوم دەبووم..دەستم نا بەدوگمە شینەکە:﴿ بیٚ زەحمەت  خواردن ئامادەیە﴾.

+هەر ئێستا دەگاتە لات.

ئەوەنـدەی قـوم لەجگەرەیـەك بدەی،خواردنەکـە گەیشت..سـەرەتا چـاوم بڕیە ڕۆژنامەکان بزانم بەزم و فەرتەنەی ئەو رۆژە بە کویٚ گەیشتووە و ئەو ئێوارەیە چییان لەسەر نووسیوم؟! لـە بەر پـەڕی یەکـەمی ڕۆژنامەیەکیانـدا وێنەی من و سۆلینی بەسـەرەوە بوو ..لـە ڕۆژنامەیـەکی دیکـەدا وێنەیـەکی مـن و ئافرەتـە نەناسـەکە بڵاوکرابـۆوە، بەمانشـێتی گـەورە نووسـرابوو:﴿ چاوی کامێرا، مژدەی بەیەکگەیشتنی دوو نووسەر دەخاتە ڕوو﴾.

لـە بـیٚ خەبـەران کەشـکەك سـەلاٚوات، ئەوەیـە دەڵـیٚ: ئـاش لەخـەیاڵێك و ئاشەوان لەخەیاڵێك..بەم هەواڵە هەلەق و بەلەقە ڕقم هەستا، ناوچەوانم گـرژ کـردو ڕۆژنامەکـەم تـووڕدا، تەلەفزیۆنەکـەم هـەڵکرد، کەناڵـەکانم یەکـە یەکـە گۆڕی، هـەموو کەناڵـەکان بـۆ دووەم جـار وتوێژی پـەیڕەو و پڕۆگرامـی ئـەو ڕۆژەیان لیٚ دەداوە.

زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا : بەڵێ فەرموو.

+قوربان پۆلێ خزم و ناسیاو هاتوون دەیانەوێ بێنە خزمەتت.

-جا ئەوانە کێن و ناویان چی یە؟!

یانزە ناوی بۆ خوێندمەوە.

پێموت: با بفەرموون.

چەند پارووە نانێکم بەماستەوە خواردو لەجێوە دەستم گەیاندە گلاّسە ئاوەکەو بەیەك بین هەڵمقۆڕاند، تەکانم دایە بەرخۆو ڕاست بوومەوە، بەبینینی ئەو خزمانە، پوورو پوورزاو ئامۆزا وەك گوڵزارێکی بەهارم لەدەروون گەشابێتەوە، کۆڵێ کەیفساز بووم. باوەشمان بۆ یەك کردەوە، یەکدیمان ماچ کرد، ئامینەی پوورم زەق زەق لەچاوانم ڕامابوو، جڵەوی بۆ قوڵپی گریانە قەتیسەکەی ناو گەرووی بەرەڵلاّ کرد، بەگوڕ گریا، کە باوەشی پێدا کردم، دەستی لەمل نەکردمەوە، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك لەچڕو چەنەی تەڕو داتەپیوی دەچۆڕکا:﴿وەی چاوی پورت کوێر بێ، توخوا ئەو هەموو ساڵە بۆ هەواڵێکت نەبوو، فاکسێ، بروسکەیێ، هەرنا لەمان و نەمانت دڵنیا بین، ئێمە دوێنێ ئێوارە بەتەمابووین بێینە لات، بەلاّم پیرێژنێکی تەمەن سەد و سی ساڵەی کۆلاّنەکەمان وەفاتی کردبوو، ئافرەتانی گەڕەك بەجارێ سەرقاڵ بووین بە شۆرین و دوورینی کفن و نوێژ لەسەرکردن، ئەوجا تا گۆڕمان بۆی هەڵکەندو تەقەتمان کرد، درەنگ داهات﴾.

کاتێ چاوی بەوێنەکەی گەوهەر زاخاودا کە من لەسەر مێزەکەی تەنیشتمەوە دامنابوو، هێندەی دیکە گریا:﴿ وای کلۆڵ و داماو گەوهەرە بەستەزمانەکە، بزانە ئەو کچە نەشمیل و ئاغرو نازدارە چۆن توشی دەردی خۆی بوو؟﴾.

بەم قسەیە، تەزوویەکم بەلەش داگەڕا لە کەڵەموستی پێمەوە دەرچوو:﴿ پوورێ گیان مەبەستت لەو قسەیە چیە؟ بۆچی گەوهەر تووشی بەلاّو

دەردی خـــۆی بووە؟!مەبەســـتت ئەوەیـــە دەتـــەوێ بڵێـــی گەوهـــەر مێـــردی کردووەو پیاوەکەی لەگەڵی خراپە؟!﴾.

بزەیـەکی بـەڕوودا لکانـدم:﴿ نـا، مەخسـەدم ئەوەیـە کـەمێ نـەخۆش و نەساغە ، چونکە......﴾.

ژانێکـی پـڕ تـەوژم بەچەشـنی تیرێکـی لەکـەوان دەرچـوو لـەزگم چـەقی، دەرونم کەوتــە پەلــەقاژێ و قســەکەم لــەدەمی دا ڕاگــرت:﴿ توخــوا لێمــی مەشارەوە، گەوهەر چیەتی؟ م﴾.

پـوورم دۆش دامـا، دەسـتێکی پـڕ سـۆزی نایـە سـەر شـانم، بەڕوویـەکی گەشەوە وتی:﴿ دەیەها پیاوی قۆز قۆزی دەوڵەمەند هاتوونەتە خوازبێنی، بەهیچیان قایل نەبوو..زوو زوو دێتە ماڵمان ، جار نییە سەرکۆنەی نەکەم و پێی نەڵێم: هەی ماڵوێرانی سەر بەهەشێ، دوای ئەو تەمەنە کەمـەی ماوتـە، بەتـەمای چـی؟!بۆ ناچـی بـۆ خـۆت شـوویەکی قیـت و قـنج بکەی؟!خـەڵك سەروەت و سامانێکی زۆر خـەرج دەکات هـەر هەنـدەی کوڕە گـەنجێك ڕازی بکـات و بچـێتە داخـوازی، کەچـی تـۆ بەپێچـەوانەی هـەمو خـەڵکی، کـوڕە گەنجـەکان دێنـە داخوازیـت، ئیـدی چاوەڕوانی چیی؟!ئەگەر چاوت لەسـەر شاهۆی خۆشکەزامە، کێ دەڵێ ماوە؟! گەوهەر بەم قسانە ناڕەحـەت دەبوو، دەیوت: توخوا باجی گیان توخوا ئەگەر قسەی خێر ناکەی، قسەی ناخۆش و خراپیش مەکە! من پەیمانێکەو داومە یان گەیشتن بـەو شـاهۆ، یـا تامـاوم مێرد نەکەم.

قســەکانی پــوورم نــاخی هەژانــدم، ئــاهێکی قــووڵم هەڵکێشــان، بــە پەرۆشـەوە لێمپرسـی: پـوورێ گیـان ئـەی ماڵیـان ئێسـتاش هـەر لـە شـوێنی جاری جارانی خۆیانە؟!

+هـەر لەشـوێنی خۆیـانن و خانووەکـەیان سـەر لەبـەر نـۆژەن کردۆتـەوە، دایك و باوکی دەمێکە وەفاتیان کردووەو خۆی بەتەنیا لەو خانووە دەژێ.

خۆشییەکی بێ شومار ئابڵوقەی گیانی دام، پەلاماری دەستی پوورمدا، کەوتمـە مـاچ کردنـی، تێـر تێـر مـن و خزمـان بەیەکـەوە دانیشـتین، ئـەوان لـە

ژیانی دەرەوەیان دەپرسی، منیش پرسیاری مەرگەسات و تیاچونی ئەو خەڵکەم لێ دەکردن.

پێش هەڵسان و گەڕانەوە، پوورم جیای کردمەوە، وتی:﴿ هەی بێ وەفا، بێ ئەمەك قەت ئەمە لەڕیشی تو نەدەوەشاوە پشت لەو بەستە زمانە بکەی، دەبوو سەرت لەکەس نەدایە تا ئەوت دەبینی. ئەو هەمیشە تۆی لەیادەو بەیادی تۆوە دەژێ..دوێنێ بەهەڵکەوت ڕەسمی تۆو ئافرەتێکی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەیەك بینی، قسەی خراپ نەما پێتی نەڵێ، زۆر گریا، زۆر نووزاوە، خزمەتکارەکەی بۆی گێڕمەوە، وتی: گەوهەر دوای ڕۆیشتنی تۆ، کەوتە پشی خواردنەوە، لە ڕکان پڕتاو هانای بردە بەر دەبە نەوتێ بەخۆی دابکات و بە دەنکە شقاڵتەیەك خۆی بسوتێنێ، کەوتمە تکاو زۆری لەبەر پاڕامەوە نەمهێشت کوڵی خۆی دابمرکێنێ، ئەو زەلیل و داماوە خەفەتخان بووە، لەو ڕۆژەوە مانی لە خواردن و خواردنەوە گرتوە، هەر بەتای ئەو دەردەوە ئێستا لەناو جێگە کەوتوەو حاڵی باش نییە﴾.

کاتێك میوانەکانم بەڕێ کرد، لەناوەختی دەروونێکی گێنگڵ خواردوی شەوێکی تەنیایی دا، سەرکەوتمە سەرەوە..خورپەیەکم وەك خزەی چەقۆ بەدڵ داهات، تەوژمی هێزێکی موگناتیسی لەسینگمەوە دەرچوو،حەواس وخەیاڵات گرتمی:﴿ ئاااای گەوهەرەکەم، ناهەقت ناگرم کام جنێو پیسە پێمی بدەی، پوورم ڕاستی فەرموو، دەبوایە تاوەکو تۆم نەبینیایە سەرم لەکەس نەدایە، توخوا هەناسەکەم وا لەخۆت مەکە، دڵ لە دڵ مەدە، هەمیشە لەبیرمی و زۆر پەرۆش و تامەزرۆی بینینتم ﴾.

تەزوویەکی گەرمم بەلەش داگەڕا، جەستەم هێناوە بەر یەك و خۆم گرمۆڵە کرد.. ئازارێکی جەرگبڕ لەپەنجەی پێمەوە تا تەوقی سەرم بەسەراپای لەشم بروسکەی بێ بڕانەوەی دا، پێڵوی چاوانم گران داهات و نیشتنە سەر یەك، ئیدی وردە وردە،داخزامە باوەشی خەوێکی قورسەوە، لێی خەوتم.

*　*　*

## بەشی یازدەم

بەیانی کە لەخەو هەڵسام کازیوەی دابوو..خۆر تازە سەرەتاتکێی لەگەڵ ڕۆژێکی نوێدا دەکردو تیشکە نەرم و بێتینەکەی بەسەر زەویە سست و سڕەکەی ئەو بەیانیە دەڕژاند، مێشکم هێورو جەستەم ئارامی گرتبوو، نانی بەیانیم خوارد، بەرەو هۆڵەکە داغل بوومەوە، بەدەم ڕێوە خۆم دەدواند:﴿ شاهۆ بەرنامەی ئەمڕۆت چییە؟!چی دەکەی؟!ئا..ئێستا دڵنیا بوم گەوهەر ماوەو شووی نەکردووە کەواتە بەیەکجاری لەم مەملەکەتە سەرچاوە دەگرم و بیری گەڕانەوە لەهزرو زەینم دەردێنم ﴾.

ئەو وردە بابەتانەی دوێنێ مابوونەوە، قسەو باسی لێوە کرا، پێش دەنگدانی نهێنی، لێژنەی ئامادەکار داوایەکی خستە بەردەستم کە هەمووان بەیەك دەنگ بەسەرۆکی ئەو یەکێتیەم هەڵبژێرن، خەڵکەکە بەجارێ هەڵسانە سەر پێ، بەدەم بزەو خەندەو چەپڵە ڕێزان بڕیارەکەیان قبوڵ کرد، ناچارمام لەجێوە هەڵسم، ئاوڕیان لێ بدەمەوەو دەستی پڕ ماچیان بۆ بنێرم:﴿ بۆ من ئەوە شەرەفێکی گەورەو مێژوییە هەرگیز لەیاد ناکرێ ﴾.

ئەوجا لە پرۆسەیەکی دیموکراسی دا، بەزۆرینەی دەنگ چوار ئافرەت بۆ دەستەی کارگێڕی یەکێتیەکە دەرچوو.

بروسکەی سەرۆك خوێندراوە، لە بروسکەکەدا هاتبوو:﴿ بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان، گشت ئەندامانی بەژدار بوو بۆ ئێوارەخوانی ئەو ڕۆژە مێژووییە بانگهێشت دەکەین ﴾.

ئافرەتەکان یەك لەدوای یەك سەرەیان گرتبوو، وێڕای تەوقەی پیرۆزبایی، بۆ یادگاری لەجێوە وێنەو سێلفیان لەگەڵ گرتم.

هەر کە لە هۆڵەکە چوومە دەرەوە، یەکسەر تەکسییەکم ڕاگرت بمگەیەنێتە بەردەمی ماڵی گەوهەر، بەڵام لەسەرە ڕێی خۆمدا، چوومە سەردانی ئەو قوتابخانەی بۆ یەکەم جار تێیدا فێری ئەلف و بێی کوردی بووم ..ئەو قوتابخانە وەختی خۆی گشت مامۆستاکانی پیاو بوون، بەپەرۆشەوە پرسیارم لە پاسەوانی پێش دەرگاکە کرد:﴿ بێ زەحمەت مامۆستا عەلی بەڕێوەبەر لێرەیە، حەز دەکەم سەردانیەکی بکەم ﴾.

پاسەوانەکە ئافرەتێکی کەتەی قەیرە بوو..چاوی تێبڕیم، بەدەم هەڵکێشانی ئاهێکی خۆ نەکردە:﴿ ببوورە تا شەڕی ناوخۆ بوو شەڕی ناوخۆ، ئیتر بەسەردا شەڕی ئەو دراوسێ و دراوسێیانەیشی هاتە بان، ئیتر کار بەوە گەیشت بە فەرمانێکی فەرمی هەرچی مامۆستاو فەرمانبەرێکی پیاو هەیە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ بکەن، تەنانەت هەرچی حەمباڵ و جوتیارو کاسبکارو کرێکارێك هەبوو ڕەوانەی شەڕ کرا، وەلێ ئەوەی چوو، نەگەڕایەوە..فەرموو ئەگەر ئیشێکتان هەیە، ئەوە جەنابی بەڕێوەبەر لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە ﴾.

بەرەو ژووری بەڕێوەبەر، هەنگاوی ئاساییمنا، بەڕێوەبەر کچێکی تازە هەڵچووی دەم بەخەندە بوو، تەمەنی هەر بیست و دوو، بیست و سێساڵێك دەبوو، شەپۆلی قژە خورماییە کاڵەکەی وەك ڕەنگی قاوەی تەڕبووی پەلکە زێڕینەی دوای بارانێکی کەم بەلا مل و پشت و گەردەنی ڕووت و کومەزە نەرمۆڵەکانی سەر سینگی ڕژا بوو.

کاتێ خۆم پێ ناساند، بەگەرمی پێشوازی کردم، بەدوای مامۆستاکانی نارد..وەلێ مامۆستاکان لە قوتابخانەیەکی گەورەی کوڕان، هەر هەموویان ئافرەت بوون، تاوێ بەیەکەوە کۆبووینەوە، بیرو ڕاکانمان

لەمەڕ پرۆسەی خوێندن ئاڵ و گۆڕ کرد، پاشان لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا، دیاریم بەسەر مامۆستاو ئەو قوتابیانە دابەش کرد کە هەژارو بێ سەرپەرشت بوون.

قوتابخانەکەم جێ هێشت، بەلای چەپ تا سەری کۆڵانەکە ڕۆیشتم، بەبڕینی سەد، دوو سەد مەترێك، لەبەردەم ماڵی گەوهەر لەنگەرم گرت،چاوەکانم وێنەی کۆڵانەکەیانی تۆمار کرد، یادگاریەکانی زووم بەبیر هاتنەوە، ماڵەکەیان دوو لای جادە بوو، یەکێکیان بەگوێرەی گەڕەکەکە سەرەکی و ئەویتریان لق بوو.

دڵم داخورپا، دیمەنەکانم پێ سەیر بوو، ئەو شوێنانەی بینیم، خانووەکان تازەو نوێ بوون، سی ساڵ دابڕان تەمەنێکە، هەڵوێستەم کرد، دەستم بەپلاکی دەنگ و ڕەنگی قاپیەکەیانەوە نا، ئافرەتێك دەرگاکەی خستە سەر گازەرای پشت و بەسەر سوڕمانەوە پرسی:﴿ فەرموو برا !﴾.

کە وتم:من شاهۆی دڵبەری گەوهەرخانم، بەڕێزەوە وتی :﴿ دەبوو لەیەکەم دیدەنیتا بمزانیایە تۆ کێی؟ سوبحانەڵا ڕەنگ و ڕووت لەگەڵ وێنەکانی پێشووت زۆر گۆڕاوە..بمبەخشە..فەرموو فەرموو بۆ سەرەوە هەڵکشێ ﴾.

–ئەی گەوهەرخان لەماڵە؟!

+بەڵێ..بەڵام کەمێ بێ سیحەتە و حاڵی حازر خەوتووە، بچم بەئاگای بێنم؟!

–نا، پێویست ناکا بەخەبەری بێنی، بێزەحمەت ڕێگە دەدەن بچمە لای؟!

+بۆ نا، فەرموو وا لەو ژوورەی هێروەیە.

پێم هەڵێنا ، بەئەسپایی دەرگاکەم والاْ کرد، بەهێواشی لێی نزیك بوومەوە، ماوەیێ بەدیار سەریەوە وەستام، چاوم لەدیمەنە دڵگیرەکەی لانەدا..خۆم زۆر بەزەبون و زەلیل هاتە بەر چاو..جانتاکەم هەڵپچڕی، ڕەسمە گەورەکراوەکەیم دەرهێناو دەمێ دووان تێیڕامام و سەرنجم دایە ڕووە زەردە تێك قوپاوەکەی ژان لەدڵ و لاشە زلەکەی کە هەر ئێسك و

پروسکی مابوو:﴿ ئاااای گەوهەرەکەم بەڕاستی لەڕو لاواز بویتی، چەندەم حەز لێیە دەقەیەك زووتر هەڵسی و دوای دابڕانی ئەو تەمەنە دوورو درێژەی نێوانمان، یەکەم ماچی بەیەك گەیشتن لە لێوە تەنك و ئاڵ و والاکەت بکەم ﴾.

وێنەکەیم لەسەر مێزەکەی تەك سەری داناو خۆم خزاندە قەرەوێڵەکەی تەنیشتی، ڕاکشام و بەلای پەنجەرەکەدا هەڵمڕوانی.

گەوهەر دوای کاتژمێرێکی ڕەبەق، چاوە پڕشنگەکانی لەبن میچەکە بڕی کە ڕووناکی گوڵەستێرەیان تێدا هەڵ ببوو، باوێشکێکی قووڵی دا، بەچاوپێکەوتنی وێنەکەی خۆی، چاو ئەبڵەق بوو، پڕی دایێ، بەقووڵی لە وێنەکە ڕاما، دایە پرمەی گریانێکی بەکوڵ و هاواری خزمەتکارەکەی کرد:﴿ سارا..سارا﴾.

سارا بەهەڵەداوان گەیشتە لای:﴿ بەڵێ خانمەکەم ﴾.

+کێ ئەم وێنەی منی هێناوەتە ئێرە؟!.

سارا لێوی خۆی کرۆشت، نەختێ سەری بادا، برۆکانی وەکو ئاماژە کردنێك هەڵتەکاند:﴿ ئەو بەڕێزەی پشتەوە لێرەی داناوە﴾.

گەوهەر بەهەناسە بڕکێوە جوولا، باری ڕاکشانەکەی لەتەنیشتەوە بۆ سەر پشت گۆڕی و بە تەوسەوە وتی:﴿ چ بەڕێزێك؟﴾.

من نەمتوانی ئۆقرەی ئەو بێدەنگیە بگرم، کسپەیەك لە کەللەی سەرمەوە هات بەناوچەوانمدا شریخەی دا، ئاخێکی کپم لەدەم دەرپەڕی و دەستی ڕاستم نیشاندە ناوچەوانم و دامە پرمەی گریان و بەقوڕگی پڕ لەفرمێسکەوە وتم:﴿ گیانەکەم گەوهەر، ئەوە منم ﴾.

گەوهەر بەبینینم دەمی وەکو تەڵەی تەقیوی لێهات، زمانی دەجوولاو نوتقی دەرنەدەچوو، تین وتاوی دایە بەر خۆو چاوی کامێرای تێبڕیم:﴿ چ ..چ..چی ی ی؟!﴾.لەتاسەو تینوێتی چەند ساڵ چاوەڕوانی، توند باوەشم پێدا کردو ڕوومەتەکانیم بۆ یەکەم جار ماچ کرد.

گەوهەر پڕیشکی چاوەڕوانی پڕ حەزی ماچی لێ دەپڕژا، بزەی بەختەوەری کەوتبوە سەر لێو:﴿ دڵەکەم ئەوە لەکەیەوە لێرەی؟!﴾.

–نزیکەی سەعاتێك دەبیٚ.
+ئەی بۆ بەئاگات نەهێنام؟!.
–ئاخر دڵم بەرایی نەدا لەو خەوە خۆشەت بکەم، دڵنیابووم لەجیهانێکی خۆش دەسووڕایەوە.
+ راستەکەی خەونم بینی، لەخەوما باڵندەیەك بووم، بەسەر دەریا دەفڕیم..زۆر فڕیم شوێنیٚ نەبوو بیگەمیٚ و تێیدا بنیشمەوە..ترسام لەهیلاکی خۆمدا، باڵەکانم لەفڕین بکەون و نقومی دەریا ببم، پرتاو دورگەیەکم بەدی کرد کە لەکەنارەکەی دا دارێکی گەورە هەبوو، هێلانەیەکی بەسەرەوە بوو، تۆ لەناو ئەو هێلانەیە، باڵندەیەکی جوان بووی، گەلیٚ دڵخۆش بووم، خۆم نایە ئامێزی گەرمت، لەوەوە نازانم چی بڵێم ؟! من زۆرم لەدڵە.
بە پێکەنینەوە وتم:﴿ دەزانم چی دەڵێی ؟!منیش زۆرم لە دڵە، بەڵام با شتەکان بمێنن، جاریٚ بۆ ئیشیٚ هاتووم ؟!﴾.
گەوهەر قسەکانی منی بەجۆریٚ لێکداوە، وا زایە مێشکیەوە تەنها بۆ سەردانی هاتوومە و هیچی تر، جۆری تەماشاکردنەکەی خەماوی بوو، بە ڕقەوە دەستی بەدەم و چاویەوە گرت، کە دەستەکانی دەلەرزین:﴿ ئاااای لەمنی چارە ڕەش و قوڕ بەسەریٚ، بڵیٚ بۆ ئەوەندە سادەو ساویلکە بووم، بۆ ئەوەندە خۆشباوەڕ بووم، کەس هێندەی من قایم و خۆڕاگر نەبوو، هەر خۆم دەزانم چیم بەسەر هاتووە، هەر باشە ماوم، ئەوەیە چارەنوسی من.. من لەبەر خاتری تۆ کەزیە ڕەشەکانم سپی کرد، ڕۆژنامەکان درۆ ناکەن، شتی هەڵبەستراو بڵاو ناکەنەوە، دەبوو زوو بمزانیایە تۆ بیٚ وەفای..ئاااااخ کە پەشیمانم بۆ ئەوەندە ساڵەی بەدیار چاوەڕوانیت وەستام، فەرموو ئێستا پێم نالێی بۆچی بۆ ئەوەندە دەهاتیە ماڵم؟! دەی بۆ دەرەوە عارەبانەکەت ڕاکێشە نامەویٚ چیتر لێرە روو و روخسارو بچمت ببینمەوە ﴾.
بەو قسانە چاوم زەق بۆوە، بەشپرزەیەکی تێکەڵ بەپاڕانەوە وتم:﴿ خانمەکەم ئەوەندە ڕەشبین مەبە؟!چما ئەوها لەمن گەیشتووی؟!﴾.

+تەواو هیچ شتێ ئێمە کۆ ناکاتەوە، شتەکان بێتام بوون، حەزدەکەم بەیەکجاری سندانم بگاتێ و لەکۆڵ تۆ و دونیا ببمەوە، بەحوبی دڵ حەز بەمردنی خۆم دەکەم نەك تۆ بەو شێوەیە ببینم، دەی ئەوە چاوەڕوانی چی ؟!بۆچی وەستاوی؟!دەی بۆ دەرەوە چیتر نامەوێ چاوم بەچاوت بکەوێ.

بەپاڕانەوەیەکی پەرۆشتر لێم دووبارە کردەوە:﴿ گەوهەر گیان چما ئەوها لەمن گەیشتووی ؟! دوای ئەم تەمەنە دوورو درێژە ئەوەیە پێشوازیت؟!﴾.

بەدڵێکی پڕ جەخارەوە سەرنجێکی بەگومانی بەسەرو سیمام گێڕا:﴿ خۆت گێل مەکە، وەڵامەکان لای تۆن، تۆ دەزانی چیت کردووە؟ فەرموو بۆ دەرەوە بەم نەخۆشیەوە حەوسەڵەو تاقەتم نیە چیتر لەگەڵت بلێم و لەگەڵت بڕێسم ﴾.

بەدەم دەربڕینی ئەو قسانەوە لەگریان بەردەوام بوو، فرمێسك هۆن هۆن لەچاوانی دەباری.

کەوتمە بیرکردنەوە لە قسەکانی ئەوێ ڕۆژێ، شەن و کەوی قسەکانم بۆی کرد: تۆ بڵێی ئامینەی پوورم بەهەڵە ڕاستییەکانی لەمن گەیاندبێ و هەقیقەتی شتەکانی شێواندبێ و مەبەستێکی لەپشتەوە نەبووبێ؟! .

+ئەوە کێشەی خۆتە بەهەڵە تێگەیشتبی یان نا، بەسە لەوەندە بیبڕەوە، بڕستم لەبەر بڕا، ناتوانم لەوە زیاتر گوێ بۆ یەك وشەی ترت بگرم، هەی بێ وەفا..هەی..

توند بەدەستی راستەم ، دەمیم گرت:﴿ گیانە، حەزناکەم گوێم لەو قسە ناخۆشانەتبێ ،بەس هەستم لێ ڕابگرە بزانە چی دەڵێم و بۆچی هاتووم؟!ئەوجا دەمدەیە بەر شەق و پێلەقە ،بۆ دەرەوەم دەردەکەی، خۆت سەرپشکبە﴾.

بەهەناسە بڕکێوە سەری کەمتەرخی بۆ لەقاندم :﴿ دەی بە کورتی بیبڕێنەوە﴾.

بەدەم بزەیەکی واتادارەوە وتم:﴿ من کە هاتومەتە لای تۆ، بۆ ئەوە هاتووم تا پەیمانی جارانت لەگەڵ نوێ بکەمەوە ،من هەر پیاوەکەی جارانم،

که هاتومەتە ئێرە بۆ ئەوە هاتووم ئەمڕۆ بە ساغی و ناساغی بتبەمە بازاڕی زێڕینگران و هەر لەم هەفتەیە لەڕێو ڕەسمێکی شایستەدا بتگوازمەوە..ئەم ئێوارەیە من و تۆ داوەتی سەرۆکین، خۆشی بەیەك گەیشتنمان لەو داوەتە دەکەینە دوو خۆشی، ئەویش گۆڕینەوەی ئەڵقەو شەکراو خواردنەوەیە﴾.

گەوهەر سەرەتا دەمی بەش بۆوە، ئەوجا وەك خۆشیەکی بێسنور گەمارۆی دابێ، دایە پرمەی گریانێکی بەگوڕترو باوەشی پێدا کردم:﴿ بمبوورە گیانەکەم..ببوورە لەو قسانەی کردم.. گیانەکەم؟!﴾.

–گیان.

+ نازانم ئەوەی دەبینین خەونە یان زیندە خەون؟!من باوەڕ ناکەم.

–بۆ باوەڕ ناکەی گیانە؟!ئەمە ڕاستیەکە نکۆڵی لێ ناکرێ و بەری ڕەنجی ئەو ڕۆژانەیە کە هەردوکمان زۆر لەمێژە خەونی پێوە دەبینین.

***کۆتـــــــــــــــــایی***